**کتێبخانەیەکە تایبەت بە:**

**١. کتێب و گۆڤاری کوردی**


**٢. کتێب و گۆڤاری بیانیی سەبارەت بە کورد**

📚 **لە تێلگرامەکەی خۆتاندا بنووسن: @kurdica ، دوایە کرتەی لەسەر بکەن و ببنە ئەندامی کتێبخانەی کوردیکا.**

📚 **تکایە ئەم کتێبخانەیە بە هاوڕێکانتان بناسێنن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

# تریفەی ئاوات


وینە : لوقمان رحیمی

# تریفەی ئاوات

(شیعر)

ناسر ئاغابرا (ژاکاو)

١٣٩٣

| | | |
|---|---|---|
| سرشناسه | : | آقابرا، ناصر، ۱۳٤۷ – |
| عنوان و نام پدیدآور | : | تریفەی ئاوات: شیعر/ ناسر ئاغابرا (ژاکاو). |
| مشخصات نشر | : | مهاباد: هیوا، ۱۳۹۳. |
| مشخصات ظاهری | : | ۱۲۰ ص. |
| وضعیت فهرست نویسی | : | فیپا |
| یادداشت | : | کردی. |
| موضوع | : | شعر کردی -- قرن ۱٤ |
| رده بندی کنگره | : | ۱۳۹۳ ٦٦آ۷٤۳س/ PIR۳۲٥٦ |
| رده بندی دیویی | : | ۹فا۸/۲۱ |
| شماره کتابشناسی ملی | : | ۳٥۳۲۳۳۲ |

# تریفەی ئاوات

**شاعیر:** ناسر ئاغابرا (ژاکاو)

**پیتچن:** محەمەدئەمین شاسەنەم

**ڕووبەرگ:** داود محەمەدکەریمی

**بڵاوکەرەوە:** هیوا ـ مەهاباد

**شابەک:**

**نۆرەی چاپ:** یەکەم، **۱۳۹۳**ی هەتاوی

**ئەژمار:** ۱۰۰۰ دانە

**نرخ:** تمەن

## نێوەرۆک


پێشەکی ........................................ ٩
بمناسەوە ........................................ ١١
هێلانە ........................................ ١٢
ڕۆڵە ........................................ ١٣
منی تەنیا ........................................ ١٤
کاروانی دەهۆڵ ........................................ ١٦
ژوان ........................................ ٢١
قوربانی ........................................ ٢٣
لێو بەبزە ........................................ ٢٤
مامەوێڵە ........................................ ٢٥
تیشکە ........................................ ٢٨
کۆچ ........................................ ٣٠
پەیکەرە ........................................ ٣٢
ڕووحە پەرێشانەکەم ........................................ ٣٣
مەلەکەی ئاواز ........................................ ٣٥
ئەستێرە ........................................ ٣٧
جەستەی بەهار ........................................ ٣٩
شەقامی دڵ ........................................ ٤٠
مانگ و دڵ ........................................ ٤٢
چارەنووس ........................................ ٤٤
تەنیایی ........................................ ٤٦
دڵ بەسۆ ........................................ ٤٧
گڵەئەرمەنی ........................................ ٤٨

كۆنەلان ........................................................................ ٤٩
ئینتزار ........................................................................ ٥٠
بەرزەقەڵا ........................................................................ ٥٣
تەرکەوەتەن ........................................................................ ٥٥
بێ تاوان ........................................................................ ٥٦
پەری شیعر ........................................................................ ٥٧
گریانی فەلەک ........................................................................ ٥٩
عەشقی نەژاکاو ........................................................................ ٦٠
یادی خاک ........................................................................ ٦١
دڵی تەنیا ........................................................................ ٦٣
قەل و باز ........................................................................ ٦٥
قەدەمی یار ........................................................................ ٦٨
گەڕەکەکەمان ........................................................................ ٦٩
شاعیری ڕەبەن ........................................................................ ٧٨
ئارەزوو ........................................................................ ٨٠
بێقەرار ........................................................................ ٨٣
مەلیک ........................................................................ ٨٤
بێ ئەنوا ........................................................................ ٨٦
مەهابادی سۆراننشین ........................................................................ ٨٧
من و مەی ........................................................................ ٨٩
تەبی شیعر ........................................................................ ٩٠
تەڵەبی دڵ ........................................................................ ٩١
ئەهلی جەفا ........................................................................ ٩٣
فیراق ........................................................................ ٩٤

ئاواتی چیا ........................................................ ٩٦
جێژوان ........................................................ ٩٨
ئارامی دڵ ........................................................ ١٠٠
بەرزەئەوین ........................................................ ١٠١
خەونی فەلەک ........................................................ ١٠٢
وەیلان ........................................................ ١٠٤
هیوا ........................................................ ١٠٥
دوعا ........................................................ ١٠٧
مەست و خەراب ........................................................ ١٠٨
کۆشکی دڵ ........................................................ ١٠٩
ناکام ........................................................ ١١٠
سەرگوڵی حۆریان ........................................................ ١١١
هاوار ........................................................ ١١٢
گوڵ و دڵ ........................................................ ١١٤
گوڵی ئەنجومەن ........................................................ ١١٥
بیری ئاوایی ........................................................ ١١٦
دڵخۆشی ........................................................ ١١٨

# پێشەکی

خوێنەری هێژا و خۆشەویست!

سڵاو

ئەو بەرهەمە شیعرییەی ئێستا لە بەردەستی تۆدایە، خەرمانی حەز و ئاواتەکانی منە، کە زۆر شەوان خەوی شیرینم بە قوربان کردوون و زۆر جار لە سەریان گریاوم.

هەمیشە دڵخۆشی خۆم بەوە داوەتەوە کە خزمەتی زمانی زگماکیم دەکەم و لانیکەم پەڕتووکێک دەخەمە سەر کتێبخانەی گەلەکەم، ئەگەر دەروێشێک بیەوێ دیارییەک بدا بە گەلەکەی خۆی، هیچی نییە مەگەر دۆعایان بۆ بکا یان دەفەیان بۆ لێدا هەتا بەڵکوو ڕۆژێک بە جۆشی ئەو دەفەیە گەرم دابێن و وەزاقێکی خۆیان بدەن.

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە ئەو بەرهەمە شیعرییانەی کە من بە پێشکەشییان دەزانم بۆ زمان و کتێبخانەی گەلەکەم، ئەگەر هاوکاری و چالاکی پۆلێک لە دۆست و ڕەفیقانی نزیکی خۆم نەبوایە، نەدەگەیشتە ئاکام و ئەنجام و بەرچاوی خوێنەران، بۆیە بە پێویستی دەزانم لێرەدا وەکوو ئەرک و ئەمەگ یادیان لێبکەم و ڕێز و سپاسی خۆمیان ئاراستە بکەم:

کاک سیامەند بەختازەر یەکێک لەو کوڕە چالاکانەیە هەم کتێبی کەژاوەی دڵی نووسییەوە، هەم بۆ ڕاپەڕاندنی باقی کاروباری ئەم دوو کتێبەی دوایی «تریفەی ئاوات» و «کۆلارە» هەڵسووڕان و ماندووبوونێکی زۆری بە خۆیەوە

ڕەوا دیت، بێ‌هیچ چاوەڕوانییەک. خودا کوڕی ئاوا بە نەتەوەکەمان بێڵێ و سڵامەتی و تەمەنی درێژ و دڵی بێ‌خەمی پێ عەتا بکا هەتا خەمی ئێمە بخوا. من و سیامەند، منداڵی یەک خاکین و لە قەدیمەوە بنەماڵەکانمان یەکتری دەناسن، حەقمە شانازی پێ بکەم.

دۆستانی‌ترمان وەکوو کاک سمایل زوورمەند، کە لە غەیبەتی سیامەندا، کتێبەکانی تریفە و کۆلارەی هێنایە سەر کاغەز و ئەرکی تایپەکەشی کێشا. کاک عەلی قادریش لەو پێیەدا یارمەتیی زۆری داین.

هەروەها کاک محەمەدئەمین شاسەنەم لە بۆکان کە بە دڵێکی گەورە و هیممەتێکی بەرزەوە بەرەوپیرمان هات و بێ‌چاوەڕوانی، بەشێکی بەرچاوی لە ئەرکەکانی وەک هەڵەگرتن و دیزاینی وەئەستۆ گرت. ماڵی ئاوا و لەشی ساغ بێ.

کاک داود محەمەدکەریمیش ئەرکی کێشانەوەی ڕووبەرگی کتێبەکەی خستە سەر شانی خۆی. دەست‌وپەنجەی هەروا ڕەنگین بێ.

ناسر ئاغابرا

مەهاباد_ ١٣٩٣ی هەتاوی

## بمناسەوە

بمناسەوە
من ئەو کەسەم کاتێ بە دڵ خۆشم‌ویستی
قەتارێکی پڕ لە سێحرم بۆ هەڵبەستی؛
پەیکەرەیەکم بۆ کردی
بۆ بەیانی هەر لە دەقی ڕۆژنامەکان
تا چریکەی خۆش‌خوانەکان
هەموویان هەر باسی جوانی و
سیحری لەنجەولاری تۆیان دەگێڕاوە
هەر منیش بووم
کاتێک کە دیم لە خۆت دەرچووی
وەک مار بە داوێنم هەڵچووی
پەیکەرەیەکم بۆ کردی؛
بۆ ئێوارێ
هەر لە دەقی ڕۆژنامەکان
هەتا شاشەی تلویزیۆنیش
بەو پەیکەرە پێدەکەنی و
دەزرووقاوە؛

**۵ی پووشپەڕی ۱۳۸۳، مەهاباد**

# هێلانە

ماوەیەکە وا دەزانم لەم دونیایە
هەر هێلانێکی بچووک و دوو قورینگ و
قەڵەمێک و کاغەزێکە و
بوخچەیەک شیعر و هەڵبەست و
چەخماخە و ئاورگی هەستم پێ براوە،
گەر ئەوینی ئەم دوو قورینگانە نەبێ
دەچمەوە لەو جێیەی دەمرم
کە یەکەم جار خۆی نیشان دام پەری شیعرم
وە یەکەم جار بوون بە هەڵۆ وشەی سێحرم
وە یەکەم جار بۆ یەکەم یار بەستەم نووسی بە یادگار
وە یەکەم جار، وە یەکەم یار!

**٢٠ی ڕەشەممەی ١٣٨٠، مەهاباد**

# ڕۆڵە

ئەو پارەیە لەم ڕووحە نەسرە و کڵۆڵەیە
جارێ چکۆڵەیە
باڵای لە شەتڵی شلکی بەهاری دەچێ وەلی
خوا یار بێ ڕۆڵەیە
ساوایەکە، سارێژی گەرمەژانی گەورەمە و
هەتوانی دەردەکان
کاتی نەهاتی هەر ئەوە کەسمە و لە دەورەمە
لە خێڵی کوردەکان
دەنگی پڕە لە نەمنەمی بارانی دێمەکار
ئۆمێدی بێ ژومار
مانای ئەوەیە بەسسە پەژارە و خەم و خەفەت
بۆ ناسری هەژار
سینەم لە پەڕتەوی سینا منەووەرە و بەرین
نەماوە سامی شەو
شکور گەییم بە زیارەتی گزینگی بەربەیان
نەچوومە کامی شەو

**١٠ی ڕەزبەری ١٣٨٢، مەهاباد**

# منی تەنیا

تەنیایی من
لە تەنیایی دارەکەی سەرشەقام دەچێ
هەموو ڕۆژێ دەچم سەرێکی لێ دەدەم
بە دەم سووتانی جگەرە و
سۆزی دڵ و هەستی پیری
ماوەیەک پاڵی وێدەدەم
سێبەرەکەی
وەک تاجێکی بێ منەتە
لەسەر سەری بێ سامانم
بەژنەکەشی
پاڵپشتێکە
قایمتر لە خێڵەکەم و
قایمتر لە خزمەکانم
باڵای منیش

هەر لە باڵای دارەکەی سەرشەقام دەچێ

ئەو دەمەی کە

بە تەنیایی

بە گژ گەردەلوول و ڕەشەبادا دەچێ

**١ی خەرمانانی ١٣٨٢، مەهاباد**

# کاروانی دەهۆڵ

ئەو شەوانە
دڵم سێبەری پەیامێکی لە سەرە
کە برووسک هێناوییە
پوختەی پیام
ترسی هەڕاجی جوانییە
ترسی مەرگی گۆرانییە
ترسی تاراجی گەوهەرە
ترسی پەیام
ترسی باری سووکایەتی و
ڕۆچوونی مرۆڤایەتی و
کۆچی ئەرک و
کۆچی مانا و
دابەزینی نرخی زانا و
لە زەل چەقینی هونەرە
ترسی پەیام
ترسی تراویلکەی زاڵە
هەودای پڕ گرێی خەیاڵە

پەیام دەڵێ
بە باوەڕی خێڵی دەهۆڵ
لەم چەرخەدا
مانا و مزگێنی و هەڕەشە
تەنیا دەهۆڵی بەتاڵە
پەیام دەڵێ
بە باوەڕی خێڵی دەهۆڵ
گرینگ نییە
قووڵایی دەمارەکانم
چەند سەد ساڵە،
کاروانی دەهۆڵ دەفەرمێ
لەم ڕۆژگارە بەولاوە
تەنیا بۆنی زۆنگ و زەل و
چەپک چەپک
گوڵی قامیشەڵان باوە
ئەم ئەوینەی
بێستوونی بە فەرهاد بڕی و
جەرگی سیامەندی هەڵدڕی
ئێستا لە دڵ داگەڕاوە
زەنگوڵەیەکی بێدەنگە و
بە بەر بەژنی دڵداران هەڵاوەسراوە

مەمکۆڵەی یار
بە شتێک شوبهێندراوە
دڵدارەکان
نەک هەر وازیان لێ هێناوە
بەڵکە بێزیان لێی هەستاوە
منی شاعیر
لەو زمانە خۆکردییە و
لەم ڕاوێژە ناکوردییە و
لەو فەرهەنگە نارەسەنە و
لەو قامووسە ناپەسەنەی
کە وەک کارگ
بە گرمەی هەورەکانی خۆم هەڵتۆقیون
حاڵی نابم! حاڵی نابم! حاڵی نابم!
من ئەو کەسەم
هەتا تێر تێر باسی گوڵ و
ڕازی دڵ و
یادی یار و
سامی قرمژنی بنار و
بۆنی مێژووی هەڵقرچاو و
هیوای باوک و
سۆزی لایەلایەی دایک و

براکوژی و
زامی کۆنی نیشتمان و
لاوانەوە لەسەر دارەتەرمی بەژنی قارەمان و
ژانی شەوانی تەنیایی و
ڕەنجی ڕۆژانی ئاوایی و
کۆچباری کاتی ساواییم
لە شیعرێکدا نەدرکێنم
خاڵی نابم! خاڵی نابم! خاڵی نابم!
با خێڵی دەهۆڵ بزانن
لەو مەڵبەندە
مانا بەرزە و
ئەوین مەلەکەی جوانییە
برایمۆک هەر ئەویندارە و
جێژوانەکەی سەرکانییە.
با خێڵی دەهۆڵ بزانن
خەڵک هەرگیز لەو مەڵبەندە
دڕوو لە جێی گوڵ ناچێنن.
با خێڵی دەهۆڵ بزانن
خەڵک هیچ کات ئامادە نین
مەمکۆڵەی یار
جگە لە هەناری ساوا

بە هیچی تر بشوبهێنن.
با خێڵی دەهۆڵ بزانن
هەر ئەوانن ئاڵ و شەوەی وەجاخ کوێرن
کۆرپەی خەڵک دەخنکێنن؛
هەر ئەوانن
باخەوانی بێ‌سەمەرن
گوێزی پووچ هەڵدەخڕێنن.
با خێڵی دەهۆڵ بزانن
دەبێ خۆیان
لە جێی گوڵاو،
بۆنی زەلاو
لە جەماڵی بێ کەماڵیان بپرژێنن.

**١١ی بەفرانباری ١٣٨٢، مەهاباد**

# ژوان

لە ڕووی دڵم کە پەنجەرە و پشکووت وەکوو باخی بەهار
لقی گوڵێک سەری کێشا و هەڵیدا پەپوولەی سڵاو
بزەی هاتێ وەکوو چرژی سووری هەنار
لە دڵمەوە بەرەو گوڵم
لە گوڵمەوە بەرەو دڵم
پەیامەکان بەڕێوە بوون
بە هێزی کارەبای ئەوین
لە ژێر گەشەی گڵۆپی سەوزی عیشقەوە
چ جوانە ژین!
گوتی: سڵاو
گوتم: سڵاو
گوتم: لەگەڵ پەیامەکەت چ وەرگرم؟
گوتی: شتێک لە ناخی جوانی هەڵقوڵاو!
گوتم: گوڵێک؟
گوتی: گوڵاو!
گوتم: دڵێکی بێ ئەوین لە چی دەچێ؟
گوتی: لەماسی دوورەئاو!

گوتی: کۆڵانی بێ چپە لە چی دەچێ؟
گوتم: لەگۆڕی شۆڕەلاو!
دەمی قەرار
گوتم: لە چی بخوێنمەوە پەیامی چۆڵی جێژوان؟
گوتی: لەسەر ئاوێنەیەک
ساغ یا شکاو!

**١٣ی بەفرابارى١٣٨٢، مەهاباد**

# قـوربانـی

له ژێر هەورن
گزینگی خۆری قامیشلی و
مانگەشەوی دیاربەکر و
گرشەگرشی ئەستێرەکانی چوارچرا
شنەی شەماڵ
قاسیدی متمانەی هەواڵ
دەڵێ لەسەر داوێنی دایکی نیشتمان
تاوان کرا،
ئەی ئەو کەسەی کە خاوەنی مڵکی عەرز و ئاسمانی
ببینە کە وڵاتی من بەرزتر بوو لە ئیبراهیم
سەد کوڕی کردە قوربانی
بڕوانە لە کۆچی سووری خێڵی جوامێر
تەژی لە ئێش و ناڵەیە
ئاسمانی قەڵای هەولێر

**٢٧ی ڕێبەندانی ١٣٨٢، مەهاباد**

# لێو بەبزە

کچۆڵە خەندەخۆشەکەی کە دەم بەدەم دەلاقەیەک،
لەڕووی شەلاڵی شەرمی دڵ دەکاتەوە
بڵێی لە ژێرگلۆپی سەوزی عیشقەوە،
ولامی پێشنیارەکەم بداتەوە
بڵێی بزانێ یادەکەی چرایەکە و لە ماڵی دڵ
شەوانە بۆ خەیاڵەکەم هەڵیدەکەم
بڵێی بزانێ خەندەکە و سەلامەکە و کەلامەکەی،
دەبێ بە مەرحەمی من و
بریسک و ژانی کەمترن برینەکەم
ئەگەر گوڵم وەرینەگرت پەیامی دڵ
کوڵی غەزەل بدەم بە کێ
کە بۆم ببێتە ڕێژنەیەک لە حەنجەرە
چپەی دڵم، لەگەڵ چریکەخۆشەکەی،
بچێتە ئەوپەڕی هەناوی پەنجەرە

**٦ی ڕەشەممەی ١٣٨٢، مەهاباد**

# مامەوێڵە

**پێشکێش بەشمشاڵ ژەنی کورد قالەمەڕە**

پیرەشمشاڵ مامەوێڵەی بێ هێلانە
تۆ خەڵکی کوێی!
هەر دەتبینین کە جاروبار
لە پشت کەلە بەفرینەکان دەردەکەوی و
بەرەو مەکۆی شابازەکان سەردەکەوی و
هەر کە بووی بە هەوری خەیاڵ
هاژەی ڕووبار دەخنکێ بە تووڕەی شمشاڵ!
تۆ خەڵکی کوێی؟
مامەوێڵە:
تۆ پڕی لە تاسەی بەرخی و
جەفا و شەونخوونی شوانی؛
تۆ پڕی لە لاوانەوە و لە کۆتەڵ و لایەلایە و
لە دیرۆکی پڕ لە خوێن و لە چیرۆکی قارەمانی؛
هەرکەس بۆخۆی دەگەڵ شمشاڵت ناڵانی
دەنا ئەوەی تێت چریکاند

کەس نەیزانی!
مامەوێڵە:
بە زایەڵەت، لە شۆڕەلاوی هەرزەکار
هەتا نەوبووکی تازیەبار
شەوهەڵستی گەورەماڵان
بێری هەوار و ڕەشماڵان
پاڵەی شەکەتی دەشتەوان
دایکۆڵەی سەر بێشکەی شەوان
برایمۆکی دەرکراو و
شەنگەشوانی حەق خوراو و
پیرەکۆمەی ڕۆژگار و
بێوەژنی ڕەنجخەسار و
قەیرەکچی دەر و جیران
خەونی سۆراخی دەستگیران
عالەم هەموو هەرکە شمشاڵت ناڵانی
هەرکەس بۆخۆی لە بانگ دەدا
لە سەر گۆڕی ڕەنجەکانی.
مامەوێڵە:
تۆ ئەفسانەی
چارەنووست چیرۆکێکە
ئاوێتەی خاک

لەشت دارماڵی ئازارە و
ڕووحت هیلاک؛
هەر تۆ کوڕی نیشتمانی
شمشاڵەکە بشارەوە
تا ئەو ڕۆژەی لەبەر تیشکی خۆرەکەمان پێی هەڵدەستین
بە گەڕیان و بە شێخانی!

**٦ی بانەمەڕی ۱۳۸۲، مەهاباد**

# تیشکە

لە نێو ڕۆژگاری ساواییم
لە نێو شەوگار و لای‌لاییم
لە ژێر ئاسمانی ساوی دێ
ئەو ڕۆژانەی کە وەک بەرخ دەڕۆییم
لە سەر دەست و پێ
دەچوومە ژێر دەلاقەکە
قاشێک خۆرەتاوی زێڕین
دەهاتە خوار لە تاقەکە
تیشکەم هەبوو تیشکەم دەگرت
پەنجە بچووکەکانم بە سەردا دەگرت
ئەویش لە دەستم ڕای‌ئەکرد
لە ڕۆژانم تیشکەم هەبوو
لە شەوانیش لیزگەیەک ئەستێرەی گەش و
لە نێو پەڵێک هەوری سپی بێشکەم هەبوو
لەپڕ بە کۆچی ئاسمان لە ژینی من
نە تیشکە ما، نە بێشکە ما،
لەو کاتەوە هەر پێموایە

هیچ منداڵێک گەورە نابێ، بێشکە نەبێ
هیچ سێبەرێکیش ناڕەوێ، تیشکە نەبێ!
لەو کاتەوە هەرکە هەلێک هەڵدەکەوێ
بۆ وەی هەوری دڵ بڕەوێ
بۆ ڕشتنی کوڵی دڵم
سەر بە کەلێنێکدا دەکەم
لۆمەم مەکەن
زۆرم خەمی ئەستێرەیە و
زۆریش بیری تیشکە دەکەم

**٦ی بانەمەڕی ١٣٨٢، مەهاباد**

# کـۆچ

یادی بەخێر
هەتا کوڕی سەر کانی بووم
پڕ لە هەست و ئیلهام و عیشق و جوانی بووم
ئەو کاتەی دەم بە گۆرانی، ئێواران دەهاتمە کۆڵان
وەکوو نازداری گەڕەکێ، پێم دەگەیی
سێوی سوور و
بۆنی گوڵ و
ڕیحانەی دیاریی کیژۆڵان
دەستم دەبرد بۆ لقەدارەکەی جیران،
ئەو جیرانەی، بەئاوات بووم لێیان بخوازم دەستگیران،
هەڵمدەمشت بۆنی خۆشی گڵ و باران
بۆ سەبووری، گەڕەلاوژەمان دادەبەست لەگەڵ یاران
هەستم دەکرد لە سەراپەردەی پەریانم
نەمدەدا بە عومری خدر، شەو و ڕۆژێکی ژیانم
بەڵام کاتێ دەستی زەمان، لە کۆچێکدا هەڵیکێشام
چارەنووس لەسەر داوێنی قیر و ئاڵماتۆڕ و بتۆن، ڕایدەکێشام
لە گوێم بڕا دەنگی شەپۆلی ڕووبار و کاڕەی بەرخ و

تووڕەی شمشاڵ
خۆشییەکانم لێکدا دەگەڵ قورقوشمی تاڵ
وا هەست دەکەم من دیلم و شار زیندانە
من خۆییم و شار بێگانە
ئەو شوێنەی کە ئینسانەکان هەر بە سەریان جوابی سڵاو دەدەنەوە
بە ڕاوێژ و جل‌وبەرگ و هەڵس‌وکەوتیان
هەر خەریکن لاسای فیلم دەکەنەوە
کاتێک پەری هەڵبەستەکانم دێنە لام
دەمیان لە نێو دەمم دەنێن
هەتا مەرحەم لە سەر زامی قووڵی دەروونم دابنێن
لەپڕ لە شوێنی نادیار، ڕەگبارێک زەنگی تەلەفۆن
بەکەللەی سەرمەوە دەنێن
پەری شیعرم لێ ڕاودەنێن
قەڵەمم پێ وەلادەنێن
لەو کاتەدا دڵی تەنگم لە حەنجەرەی قەڵەمەوە
پڕ بە گەروو دەچریکێنێ
من دیلم و شار زیندانە
من خۆییم و شار بێگانە

**٢٠ی ڕەزبەری ١٣٧٦، مەهاباد**

# پەیکەرە

ئەو شەوانەی بە سکی برسی دەنووستم
هەموو شەوێ لە من وا بوو
دەیانکردم بە حاکمی مەڵبەندێک و
پڕ بەدڵ خۆشیان دەویستم
وەزیران کەژاوەیان بۆ ڕادەبەستم
بولبولەکان سروودیان بۆ هەڵدەبەستم!
خەونەکەم بۆ بڵیمەتێک گێڕایەوە؛
پشمی و گوتی:
هەربینا لە برسان مردی و
مەیدانێکی ئەو شارەیان بە نێو کردی و
لەو مەیدانەش پەیکەرەیەکیان بۆ کردی!
دەستی هاویشتە گەردنم لەسەرەخۆ
دڵی پڕ بوو لە بانگێی دا:
ئای برا ڕۆ! ئاغابرا ڕۆ!

**١٤ی ڕێبەندانی ١٣٧٩، مەهاباد**

# ڕووحە پەرێشانەکەم

ڕووحە پەرێشانەکەم!
ڕووحە پەرێشانەکەم!
هەڵفڕە لەو لانەیە و
سووکی بکە ژانەکەم؛
لێرە غەریبم، غەریب!
فێری تەبیبم، تەبیب!
خۆرەیی گیانی منە
حەسرەتی گوێسوانەکەم
کاتێ تەنوورەی سەبا
لوولی دەدا کاغەزم
کاغەزی ڕووحم دەچۆ
حەوشەیی جیرانەکەم
پیرەشەماڵی بزێو
قاسیدی حاڵی پەشێو
بمکەوە بەو کاغەزە و
بمبەوە کۆڵانەکەم
تاسەمە گەشتێ بکەم

بەوپەڕی ئاواییا
پۆلی مناڵی هەتا
خەڵوەتی جێژوانەکەم
یادێ لە کانی و دەراو
یادێ لە یار و گراو
یادی شەوانە و نەوای کۆڕی ڕەفیقانەکەم
خۆشە کە لەم خاکەدا
بمرم و چۆلی نەکەم.
بەردی گرانم، نەوەک
سێبەرە وەیلانەکەم
عیشقی وڵاتە،
مەڵێن بێخود و خۆڕاییە
ڕۆژێ کە لەم خاکەدا
شین بووە ئاسمانەکەم

**٢٩ی خاکەلێوەی ١٣٨٣، مەهاباد**

# مەلەکەی ئاواز

**دوای کۆچی خوالێخۆشبوو مەرزییە فەریقی**

گوێ ڕادێرن، گوێ ڕادێرن!
گوێتان بە شنە بسپێرن!
زایەڵەیەک لەوپەڕی هەورەکانەوە
لە پشت سیمای ئەستێرە گەورەکانەوە
حیکایەتی کۆچێکی بەپەلە دەکا
بە دەم ڕێوە شیوەن بۆ ئەم گەلە دەکا
گوێ ڕادێرن، گوێ ڕادێرن!
تەنگە دڵە نەخۆشەکەی،
گیراوە دەنگە خۆشەکەی،
سوور و لێڵن، جووتە چاوە پەرۆشەکەی،
بەڵام هەروا گەرم‌وگوڕە
کانگای هەستە بەجۆشەکەی،
گوێ ڕادێرن، گوێ ڕادێرن!
بۆ ڕێژنەی حەنجەرەی زوڵاڵ
جاری وایە لە دوندی کێو

جاری وایە لە ژێر ورشەی چرای شانۆ
جاری واشە لە سووچی ماڵ
تێکەڵاوی تەقەی بێشکە و زیرەی منداڵ، دەگاتە گوێ
سەری گەردوون بە ڕێزەوە
نێوچاوانی لە خۆڵی کوردستان دەسوێ
گوێ ڕادێرن، گوێ ڕادێرن!
هەر لە سوورەگوڵی بێ ناز
هەتا ڕووبار، هەتا بەهار،
هەتا بولبولی نەغمەساز
لە جێی خۆیان ڕادەژێن و
لە بەرخۆوە لێ‌لێ دەڵێن
بۆ مەرگی مەلەکەی ئاواز

**٢١ی ڕەزبەری ١٣٨٤، مەهاباد**

# ئەستێرە

نیوەشەوێک، دەستەملانی سێبەری خۆم
وەک تۆراوێک هەڵم گرتبوو سەری خۆم
وەک ئەو کەسەی کوڵ و زامی دێنەوە سوێ
لە بەر ئازار، نازانێ ڕوو بکاتە کوێ!
جگەرەکەم گڕی بەردا ڕووحی کڵوڵ
بە نەغمەیەک شڵەژاندم شەقامی چۆڵ
دەنگێ لەپڕ وەکوو شنەی پشووی مەسیح
بوو بە ئارامی ڕووحی من
پێکەنینێک بوو بە لەنگەری نووحی من
ئەستێرەیەک لە سەر کۆڵان دابەزیبوو
پیرۆز پیرۆز، وەکوو تاجی مێژووی وڵات
ئەوینێک بوو بەرەو دڵم دەیجریواند
گرشەی دەهات
ئەو ئەستێرەی دڵی منی پێ سارێژ بوو

زوهرە نەبوو، سیوەیل نەبوو، گەلاوێژ بوو
وەک هیوایەک هاتە بیری ئاڵۆزمەوە
ئەویندارم و خۆم لە لای ئەو دەدۆزمەوە

**٥ی بانەمەڕی ۱۳۸۳، مەهاباد**

# جەستەی بەهار

جەستەی بەهار لە چی دەچێ؟
لە دەڵقێک، و لە قاپۆرێکی حەورەنگی ئاخنداو
لە بن ئاورە و لە سووتەمەنی و ئاوردوو
قاپۆرێکی ئاخنداو
لە شانازیی کاڵەوەبوو
لە چیرۆک و لە قارەمانی ڕابردوو
هەموو ساڵێ لە دەورەی کۆ دەبینەوە
پێمانوایە دووبارە نوێ دەبینەوە.
بەڵام داخم
ڕنووە بەفرەکانی من هەر نەتوانەوە
ئەو تۆوانەی چاندمن، هەر نەڕوانەوە
لە لای من هەر گوڵاڵە و گەزیزە قاتن
ئەو قورینگانەی چاوەڕوانیم دەکردن
هەر نەهاتن
گەلێک ماندووم لە ئینتزار
هیلاک بووم لە ئەژماردنی قاپۆری بێ ڕووحی بەهار

**١٢ی خاکەلێوەی ١٣٨٩، مەهاباد**

# شـەقامـی دڵ

سەیارەکە!
لە جەننەتی بەرینی بابەئادەمیش
پەلەم هەیە کە بچمەوە شەقامی دڵ
سەرایەکە
تەژی تەژی لە هەستی پاک و عەشقی خاک و بۆنی گوڵ
کە پەنجەرەی بە ناز و پێکەنینەوە
بە پەنجەیی نیگاری نازەنینەوە
دەکاتەوە لە تفڵی دڵ.
شەقامی دڵ سەرایەکە
ئەوینی پێ عەتا دەکەن لە تاقی ئاسمانەوە
بە چۆڕەچۆڕە عەنبەر و گوڵاوە دێ
لە سووچی ناودانەوە.
شەقامی دڵ سەرایەکە
قەدەم قەدەم پەنایە بۆ قەرارەکان
وەڕەز نییە لە شەوگەڕ و
لە زایەڵەی بەسۆزی هەرزەکارەکان.
شەقامی دڵ حسابی حاڵی دڵ دەکات و

بێ منەت، لە سێبەری دۆلارەکان.
سەیارەکە!
لە جەننەتی بەرینی بابەئادەمیش
پەلەم هەیە کە بچمەوە شەقامی دڵ،
کە هەڵمژم سوراحییەک لە جامی گوڵ،
چ باکمە لە باسی نەنگ و نامی دڵ،

**١١ی خەزەڵوەری ١٣٨٥، مەهاباد**

# مانگ و دڵ

وەرە ئەی مانگ لە سەر ئەو کەلە بۆم دەرکەوە تاوێ
بە نیگاهی گەشی زێوین
دەمێ مەستانە بتاوێ!
مەلی ئاواتە لە دڵدا دەگمێنێ
کە سەراپەردەیی کۆنم دەڕمێنێ.
وەرە دەی، هەوری دڵم لادە!
شەوم گەش کەوە تاوێ
لە شەوی گەرمی بەهارا
لە خەم و یادی نیگارا
وەدەزانم کە لە کانوونی گڕ و مەشقەڵی نارا
گەشەگەشمە،
تەلی شەوگارە لە سەر نۆتی گەشی ئەستێرەکانی
دەڵێی ئاهەنگی دڵی من دەچڕێنێ
مەلی شەو دوورە، کەچی دەنگی دەڵێی زیرەکی کوردە
بە دڵ ئاواز دەخوێنێ
دەگەڵ ئاوازی مەل و خۆری بەیانی
کە خوڕەی ئاوی شەفاهێنەری کانی

گوڵ و دڵ بۆ چپەیەک ڕادەپەڕێنێ
دەڵە دێوێک، کە دژی ڕازی ئەوینە،
دەنەڕێنێ؛
شنەیەک تێکەڵی نازی گوڵ و بولبول
دژی شەوگار و دژی دێوی قەبازل
دەڵێ هەر بەرزە ئەوین
ڕازی ئەوینداری دەمێنێ
بە کوڕی شەوگەڕی ئەم شارە بڵێن
بۆ گەڕەکی یار بخوێنێ.

**٢٧ی بەفرانباری ١٣٨٥، مەهاباد**

# چارەنووس

لە ڕێبازی ماڵەکەمان
کۆڵانێکە
تەنگ و تاریک،
لە گۆڕ دەچێ؛
ناڵەی دەرگا دارینەکان
شەپۆڕێکە و
لە شیوەن و گابۆڕ دەچێ؛
پەنجەرێکیش دەکرێتەوە
لە پشتەوەی شارۆحێکە و
لە حۆر دەچێ؛
هەموو ڕۆژێ
پەشیمانم لەو گوزەرە
وەلی دڵم لە شەوقی نازی پەنجەرە
بە زۆر دەچێ؛
خەونەکانم بۆم دەنووسن
لەو کۆڵانە
شەوێک عاشق لە تۆڕ دەدەن

بۆم دەنووسن لەو کۆڵانە
قەومی عاشق لە شیوەن و گابۆڕ دەدەن
پەنجەرەکەش دەخنکێنن
دوای ماوەیەک
دڵەکەشی بە زۆر دەدەن
مەحز بۆ خوا
مادام چارەنووس ئاوایە
تێکی مەدەن.

**٢٤ی خاکەلێوەی ٨٦، مەهاباد**

# تەنیایی

کاتێ ڕووحی شەکەتی من
بە غەزەلێک پاڕایەوە
کۆنە زامی دەروونەکەم
بە زایەڵەی مۆسیقایەک کولایەوە!
حەکایەتی دڵم لە تویێی ئیلهامێکی سەحەریدا گێڕایەوە!
کاتێ پەردەم لە سەر جەستەی جەرگی بڕاو هەڵدایەوە!
داخی دڵم هەموویان چەپڵەیان لێدا
کەس نەبوو دەستم لە مل کات و
دەگەڵم لە بانگێ دا،
ئەوکاتە ئیمانم هێنا بە تەنیایی
دڵم گۆڕیەوە بە شیعر و
بە ئەوینێکی چیایی.

**٢ی جۆزەردانی ١٣٨٦، مەهاباد**

# دڵ بەسۆ

دڵم پڕە،
لە شاکەلی ئەوینەوە دەگاتە گوێم
هەواڵی کۆچی قومرییان و لاوکی چنارەکان
لە شاکەلی ئەوینەوە دەگاتە گوێم
فەغانی خێڵی ماسییان و
شیوەنی ڕووبارەکان
دڵم پڕە،
لە سامی وەرزی دابڕان و
کارەساتی گوڵ قڕان و
کۆچی نازدارەکان
لە شاری من
چ بەرزە یادی مانگەشەو!
چ وشکە بیری جۆگەلە و
چ مات و قسر و بێ بەرن
بەهارەکان!

**١٥ی بانەمەڕی ١٣٨٧، مەهاباد**

# گڵەئەرمەنی

گڵەئەرمەنیم دەوێ من، کە بکا دەوای دەردم
کچە ئەرمەنی بوو دوێنێ کە گڵی وەسەر دەکردم
دڵەکەی پەری پەسندم کە گلا بە تیری چاوی
بە شنەی پشووی مەسیحایی ژیامەوە و نەمردم
مەیەکەم نەچێ لە دەست و دڵەکەم بە خەم نەژاکێ
بڵێ کەیفی خۆیەتی، خوا چ دەکا لە خۆڵی وردم
لە ژەم و دەمی خوماری، کە دڵم بە مەی دەپشکوێ
ڕەبی گەر دەمم نەبێ تەڕ، لە ئەلەست ببن بە پردم
مەلەکەی سێحر کە زانی دڵەکەم بە مەی نەپشکووت
بە سڵاو و پێکەنینێ وەکوو بادە، هۆشی بردم
نە نیازی تاجی کەیم و نە بە ملکی جەم خەریکم
جەم و کەی منم، کە لەیلم لە نزارێ یادی کردم
لە فەلەک فەغانی ژاکاوە دەبێتە هەوری ئاسۆ
لە زەوی مچوڕکی زریانە میسالی ئاهی سەردم
گڵە ئەرمەنیم دەوێ من، کە بکا دەوای دەردم
کچە ئەرمەنی دەزانێ بە سوڕی جەماڵی زەردم

**٢٤ی ڕەشەممەی ١٣٧٨، مەهاباد**

# کـۆنەلان

وەرە ئەی دڵ بڕۆین لەو کۆنە لانە
بە جووتە باڵ و پەڕ بگرین مەلانە
بە ئەسرین دێنە ڕوو ناسۆر و وەرهەم
بە مەی سارێژ بکەین ئەو گەرمە ژانە
بچینە شوێنی ڕۆژانی بەباچوو
بدەین چەرخێ لە سەر ئەم جێژوانە
بڵێی لەو ملکەدا مابێ گراوێ؟
بڵێی بنگێوێ ئەو تیر و کەوانە؟
بڵێی شەرمی کچی لادێ شکابێ؟
گەشیی ڕووخساری پاکی، هەر هەمانە؟
بڵێی ڕوویەک هەبێ ڕەنگی نەدیبێ؟
لە دەستی ڕەنگ و نەیڕەنگی زەمانە؟
ئەگەر ئاوا نەمابێ سەد مەخابن
گوڵی ڕەنگ لێدراو، ئێمەش هەمانە
وەرە ئەی دڵ بچینە دوورە دەستێ
کە قەت پێمان نەگا دەستی زەمانە

**١٨ی ڕێبەندانی ١٣٧٨، مەهاباد**

# ئینتزار

عومرێکە بە تەنیایی

چاوی مە، لە ڕێگایە

تا بەڵکە دڵ و دیدە

ڕۆشن بێ بە لەیلایە

ڕێبوارێ نەبوو تاوێ

شۆقێک لە دڵم باوێ

شەمسێک نییە بدرەوشێ

بۆ ئەم دڵە شەیدایە

وەی لەو دڵە فەرهادە

ڕەنجی هەموو بەربادە

ئەو فاتیحی بێستوونە

گیراوە بە هەودایە

بەینێکە بە ئاواتی

دەنگێکی بلاوێنم

زەنگێکی لە کوێ لێدەم
بۆ مەنزڵی مینایە
من گەرچی غەزەلسازم
ڕووی یاری شکەرنازم
لەو مەجلیسە میسباحە
لەو مەسلەکە میترایە
ڕادەبرێ چ شەرماوی
بەو لەنجەیی سێحراوی
ئەو شەرمە چ شیرینە!
ئەم ڕەوتە چ ڕەعنایە!
عەشقم کە لە دڵدا بێ
گەشم و خەفەتم نابێ
دەی خوایە هەڵیکاتێ
ئەو سۆزی مەسیحایە!
سەد سەر بێ بە سەرگەردی
ئەو سەروی ڕەوانی من
سەد خونچە بە قوربانی
خەندێکی پەریسایە

لەو ڕۆژە کە تێپەڕ بوو

لەم نێوە نیگاری من

لەو دێیە چ ئاشووبە و

لەم شارە چ غەوغایە!

سەبرێکی نەگرت زاڵم

زەینێکی نەدا حاڵم

جەرگم هەموو توێ‌توێ بوو

بەم ئەگریجە تاتایە

**١٦ی ڕێبەندانی ١٣٧٩، مەهاباد**

# بەرزەقەڵا

قەڵای سەربەرزی سۆرانە مەهاباد
ئومێدی جاف و گۆرانە مەهاباد
لە گێژاوی بەسامی کارەساتا
نەهەنگی تۆف و بۆرانە مەهاباد
وڵاتی سارمی بەرز و جەسوورە
چ بازێکی لە سەرشانە مەهاباد
لە باسی حیکمەت و عیلمی زەمانە
هەژاری وا لە مەیدانە مەهاباد
بە شاهیدی کەلامی هەست یاران
وڵاتی فەوزییەی جوانە مەهاباد
نەقیمی مێژووە مزگەوتی سووری
بداق سوڵتانی سوڵتانە مەهاباد
پڵینگن شۆڕەلاوانی جەسووری
نەوەی شێری هەیە و، لانە مەهاباد

لە نێو میداڵ و نیشانی جیهانا

قوبەی مێژووی موکریانە مەهاباد

کوڕی داوێنی لەند و قوڵقوڵاغە

هەڵۆی باوەش چیاکانە مەهاباد

لە تاریکی شەوێ، خۆفی نەکردووە

لە سینەیدا چراخانە مەهاباد

**٧ی بەفرانباری ١٣٧٩، مەهاباد**

# تەرکـەوەتـەن

گوڵەکەم، چۆلەکەم و تەرکەوەتەن
دڵەکەم پێیە، دەڕۆم ڕووت و ڕەبەن
گوڵەکەم یادی عەزیزانی وڵات
لە برینی دڵەکەم بوو بە تەشەن
کزە زریانی خەزەڵوەر، بە مەسەل،
گڕە بەربۆتە شکۆی دار و دەوەن
نییە پەروانە لە دەوری دڵەکەم
ئەگەچی خۆش دەگرێ مۆمی تەمەن
نییە عەشقێ بگەشێنێ دڵ و گوڵ
دڵ و گوڵ خاکی ڕەهی ئەو قەدەمەن
نییە لاسێ بە ئەوینی گوڵەکەی
ببڕێ کێو و کەژ و دەشت و دەمەن
کوڵ و بەستە و غەزەلی بولبولەکان
هەموو زووخاوی دڵی ئەو قەڵەمەن
گەلێ هەڵبەست و هەوا ماوە لە دڵ
کە نەگووراون و، جارێ دەڵەمەن

**١٦ی ڕەشەممەی ١٣٧٩، مەهاباد**

# بێتاوان

ئەگەر ژانم لە ژینایە، خەتای کەس ناگرم
ئەگەر بادەش بەجێم بێڵێ بە چی خۆم ڕاگرم؟!
ئەگەر نیشانی ماڵی من دەپرسن بۆ کەسێک
بزانن کاری نامەی نێ، لە کوانووی ئاگرم
ئەوانەی زۆر خوداناسن شەوی ڕاز و نیاز
بڵێن فیسارەکەس دەیگوت دەبەر دەستی مرم
ئەوانەی مۆری ئوستادی لە ئاسارم دەدەن
بڵێ شووتیم وەبن هەنگڵ نەدەن، من ناسرم
نە هوشیاری خەتابارم، نە مەستی بێ خەتا
بڕۆ واعیز بەسم بکوتە، لە تۆ زۆر چاترم
سەرم کوێستانی تەمبارە و دڵم ساماڵی ڕوون
بەشی کوێستانێ هەر تەم نێ، خەفەت هەڵناگرم

**٢٥ی ڕێبەندانی ١٣٧٩، مەهاباد**

# پەری شیعر

ئەودەمەی ناڵە لە سازی تۆ دێ
لە دڵە پڕ خەمەکەم بۆسۆ دێ
من و دڵ کۆڵی خەمان دادەگرین
گوێ لە سازێک شل ئەکەین، جا دەگرین
چریکەی سۆز و کوڵان هەڵدەبڕین
گەلی تەیران لە سەما ڕادەگرین
لە فەلەک تیری جەفا پەی‌پەی دێ
چەمی ئەسرین و کوڵم هاژەی دێ
پەری شیعرم بەپەلە و زوو دەگەنێ
نگەرانن نەکوو بمرم بەتەنێ
بە هەمان دەمخەنە سەر شاباڵان
دەمبەنە کۆنە هەواری ساڵان
گڕی سووتمانێ کە کەس نەیدیوە
دڵی شەرمن قەتی دەرنەبڕیوە
کە بەلای وانەوە، نەیدرکێنم
ناکرێ ئەم گڕە دامرکێنم
من بە نازی پەری ئارام دەگرم

پەری شیعرم نەگەنێ، زوو دەمرم
لەگەڵم تێر دەگرین پێدەکەنن
دەگەڵم ڕادەکشێن، ڕادەچەنن
دڵەکەم سەبر و نەرم ڕائەژەنن
ڕوحی شاعیر کە چووە باخی خەون
پەری یەک یەک دەخوشن دەردەکەون
پەری هەمڕازە لە شەوگارمدا
پەری بەشدارە لە هاوارمدا
ئەو گەلەی مەستە بە بادەی هەستم
هەموو پێی وایە کوڕی هەڵبەستم

**١٧ی بانەمەڕی ١٣٨١، مەهاباد**

# گریانی فەلەک

فەلەک دەگری ئەگەر تاوێک دەناڵێنین من و سازم
هەتا دەفڕێ مەلی ڕووحم دەگەڵ ئەو تارە هەمڕازم
نە گیری داوی دەورانم، نە چەشنی شێخی سەنعانم
چ دەربەستم بە نام و نەنگە، من شەپۆلی ئاوازم
ئەگەر هێزی ئەوینم بێ، دڵی گەردوون دەلەرزێنم
ئەگەر هێزی ئەوینم نێ، کز و وەیلان و بێنازم
گوڵئەندام و گوڵم ڕۆیی، دەگەڵ سایەی دڵم ڕۆیی
لە سوێیانی بە کەیفی دڵ، بناڵە سازی ناسازم

**٢٥ی خەرمانانی ١٣٨١، مەهاباد**

# عەشقی نەژاکاو

لە کۆ مەجنوونی دەورانە دڵی سەوداسەری وێڵم
نە ماڵاوایی ئاسانە و نە دڵ دەردێ، بەجێی بێڵم
نە هێزی ڕێبڕین ماوە، نە دەستی گوڵچنین ماوە
دەڵێی شاباشی گیانی پاکە ئەم عەشقە نەژاکاوە
گوڵم سەروی گوڵستانە، دڵم دێوانە دەستانە
لە هیجری یار و شەوقی گوڵ، دەکا غەوغایی مەستانە
دەمێ نازی غەزەل دەڕژێ، دەمێ خوێنی قەڵەم دەتکێ
لە سایەی بەختی نایارم، نە مەی ماوە و نە مەیخانە
لە ژینی دڵ سەری هەڵدا، گەلێ چیرۆکی دڵداری
لە خاکی دڵ بەجێ ماون، هەزار ئاواز و ئەفسانە
لە کۆ مەجنوونی دەورانە، دڵی وەیلانی بێنازم
نەبوو یارێکی گیانی، تا ببێتە مەحرەمی ڕازم

**١١ی ڕەزبەری ١٣٨١، مەهاباد**

# یادی خاک

شەوی پاییزە، گڤەی کوورەی دێ
کپە کۆڵان، ڕەشەبا لوورەی دێ
ئەجەلی باخە بە شارا دەخوشێ
خشەخش تەرمی گەڵا ڕادەکشێ
وەکوو ڕوخساری گەڵا بێڕەنگم
کوڵی کۆنم لە دڵە و دڵتەنگم
دڵەکەم هەڵدەگرێ بیرەوەری
دەری دێنێ لە قڕە و چەرمەسەری
دەمێ دەمباتەوە نێو ئاوایی
شەوی جێژوان و شەوی زاوایی
دەمێ دەمباتەوە شوێنی جاران
دەمێ دەمخاتەوە کۆڕی یاران
چەقەخانە وەکوو جاران گەرمە
وەتەنی خۆمە چ جێگەی شەرمە
دەمێ هەنگامەیی جۆرابێنە
کورە دۆڕای، بڕۆ خورما بێنە
دەمێ ڕاوێژی حەکایەت بە دەور

شەڕەدێویێکە وەکوو ڕۆژی حەشر
دەمیٚ تەکبیرە لە شایی و دیلان
مەی و موتریب، مەزە بە پێی فیلان
دەسی سەرچۆپی دەبیٚ هی خۆم بیٚ
کچی فیسارە دراوسیٚ، دۆم بیٚ
ڕەشەلاوێک هەیە تەپڵێک دێنیٚ
دەیکوتیٚ مارزە دەیچوخسێنیٚ
تووزەلە و نایە بە قامیشی درێژ
ئافەرین لێیدە کوڕی ئەحمەدەگێژ
پڕی قاقایە هەوای ئاوایی
لە دڵان دوورە خەم و تەنیایی
شەوی پاییزی لەویٚ ڕادەبریٚ
سەیری دونیایە لەوێدا دەکریٚ
مرڕەخۆڵت وەسەرم، پیرەوڵات
قەڵەمی تۆم، منی ئاوارەیی مات
فەعەلاتون فەعەلاتون فەعەلات
دە چەلیش ڕاوم بنێن دێمەوە لات
کە لەپڕ دێمەوە نێو ئەم شارە
هەست دەکەم گشتی لەشم زامارە
بڵیٚ زوو جێیەکە ڕاخەن ڕۆڵە
وەرەزم، دەوری چراکەم چۆڵە

**٢٠ی خەزەڵوەری ١٣٨١، مەهاباد**

# دڵی تەنیا

دڵ لە زیندانی سکەندەر وەرزە و چاری نییە
لە هەموو لا تەڵەبی یاری ئەکا، یاری نییە
نە بە ئاسۆیە ئومێد و نە بە نەورۆزە گوڵم
ئاسمانی دڵم ئەستێرەیەکی دیاری نییە
دەمی ناسازییەتی و سازی خەمی خۆی ئەژەنێ
یەکە ئوستادە، وەلی داخی دڵم تاری نییە
چ دەکەن مەنعی دڵم گەر لە دەمی مەی دەڕژێ
بیەوێ خۆشی لە سێدارە بدا، داری نییە
نییە مرواری لە بەحرا کە دڵم وێڵی نەبێ
یەکە غەوواسە وەلی، ئەو چەمە چ بواری نییە
وەرە ئەی بادی بەهاری بە گوڵەندامێ بڵێ
موژەکەی کاریترە، مەرحەمەکەی کاری نییە
بە نەمی بادە دەپشکوێ دڵە بێ ڕەوەنەقەکەم
خۆ شکور بادە هەیە، هاودەمی مەیخواری نییە
نییە یارێکی بە دڵ هەوری دڵی پێ بڕەوێ
سوڕی ئەم چەرخە دەڵێ دەوری وەفاداری نییە

ئەگە یار و ئەگە نایاری، لەشت بێوەی بێ
قەدەکەم کورتە برا، هێزی منەتباری نییە
شووڵی هەڕڕاجە کە دەیدا لە سەرم دەستی فەلەک
کەسەر و داخ، کە ئەم گەوهەرە کڕیاری نییە
سەدەیەک ڕێ دەبڕێ ڕەخشی خەیاڵم بە دەمێ
کێیە پێی وایە کە ئەو میللەتە شاسواری نییە!

**٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٨١، مەهاباد**

# قـەل و باز

جارێ کێشا قشقەڵەی ڕەش لەو کەلە
کۆوە بن هەرچی قەل و هاوسێ قەلە
ڕەخشی ڕۆستەم وا لە گۆڕێ کەوتووە
لێم مەپرسن مردووە یا خەوتووە
گشتوو ئەم سێ ڕۆژە میوانی منن
حەز دەکەن کاڵەک بخۆن یا بیرنن؟!
لەنگەری گرت بازی ئامێزی چیا
هاتە نێو جەرگەی قەلانی ڕووسیا
ڕەخشی ڕۆستەم یەک بە مەیدانێ درێژ
تێی ورووکابوون قەلی ئەژنۆ درێژ
مەرکەبی سم ئاگری سەرسەر قەدەم
نەک پشوو، هەر ئاگری دەرژا لە دەم
هەڵگری ئەو ڕۆستەمی قامەت چیا
ببووە گەپجاڕی قەلانی ڕووسیا
بازی شاپەروەر لە ناخی سینەوە
ئاهی کێشا لەو دڵی پڕ کینەوە
کەوتە نفرینی زەمانەی بێ پدەر

سەنگەساری کرد بە لافاوی تەشەر
ئەی بوەستی کۆنەچەرخی بێوەفا
وا لە قۆڵت هاتەدەر دەستی جەفا
پیرەداڵی گەندەخۆی گەندەڵنشین
گاز دەکا، میراتگر و خاوەنبەشین
بازی کۆشکێکم، کە دونیای گرتووە
خوسرەوان تاجیان لە من وەرگرتووە
ئەودەمەی من چوومە سەر شانی گەدا
چارەنووسم پارە کرد و بوو بە شا
پیرەقەل ئەمڕۆ کە سەردارە و بەڕێز
هەر منم کڕ مامەوە و دوورەپەرێز
پەڕ مەکێشن هەرچی بازی کێوییە
ڕۆژی کەڵک و داڵە، جێژنی ڕێوییە
گەرمەشینێکی لە دڵدا بوو بەڵام
قەل جەماعەت گشتی لێی هاتە وڵام
سێبەرت ترسێکە لەو مەڵبەندەدا
سێبەرت کەم کە، ئەجەل وەختت نەدا
مۆڕەمۆڕیان بوو لە بازی چۆلپەرەست
بەربەڵا بن لاشەخۆری هەلپەرەست
بازی ناسکخۆری سەرکێشی قەوی
تووڕەبوونێکی بە سەر هات خوسرەوی

گەندەخۆرانە و تاروو ناحەزن
وا دەزانن چونکە زۆرن، نابەزن؟
وەک برووسک و گڕ بە نێویانا خوشی
وەک ئەجەل ئەوکی هەموویانی کوشی
چونکە لەو مەڵبەندە هەر ئەو باز بوو
بە چریکە و شیرجەیەک دەرباز بوو
سامی نرکەی بازی کەل، هێن گەورە بوو
تێی تەقاند هەرچی قەلی ئەو دەورە بوو

**٢٤ی سەرماوەزی ١٣٨٢، مەهاباد**

# قەدەمی یار

نوقمی شنه و درەوشه بوو، حەوشه له ژێر تریفەکەی
دڵ چ نەبوو که بیخەمه ژێر قەدەمه شەریفەکەی
زۆهره خزایه ناخی گەردوونی چەپ و قەمەر کەوت
ئەودەمه کەوکەبەی گەلاوێژی دڵم وەدەرکەوت
خرمه له بازنێوه دێت و دەڵێ کانی گەوهەرم
مەیلی به کەڕ و فەڕی سوڵتانی دڵانه دڵبەرم
شەکری بزەی نەبێ، گەلێک تاڵه شەوی ژیانی من
شەهدی وتەی دەبێته شابەیتی قەسیدەکانی من

**٨ی خاکەلێوەی ١٣٨٣، مەهاباد**

# گـەڕەکـەمان

**تەنزێکی کۆمەڵایەتی**

ئەو گەڕەکەی من لێی دەژیم
لە بانگ و هاواری تەژیم
ڕێگات بکەوێتە ئەوێ
خۆت نازانی چیان لێت دەوێ
ڕێت بکەوێتە ئەو لایە
هەرچەند لە ڕووشت هەڵنایە
بەڵام کارت پێ دەسپێرن
بۆ زۆر جێیانت دەنێرن
هەر چۆنێک بێ وەختت دەگرن
بە هەموان بە سۆغرەت دەگرن
کارت پێدەکەن بە لێوان
دەتگەیەننە نۆژی شێوان
سەر هەڵدێنی، بانگی داوە
عالەم دەرگای پێوەداوە
ئەتۆ هەزار کارت ماوە
یەک دێ قفڵت پێ هەڵدەگرێ

یەک کولێرەت پێ وەردەگرێ
یەک دێ بە شاهیدت دەگرێ
یەک لقە دارت پێ دەبڕێ
یەک دێ نامەت پێ دەخوێنێ
یەک دێ ئیمزات لێ دەستێنێ
یەک نۆبەت پێ دەگرێتەوە
یەک بزنت پێ دەکوژێتەوە
"دا بە قوربانت بم وەرە
ئەو نۆبەیەم بۆ ڕاگرە
با جێگام نەگیرێتەوە
بڵێ، خەجیج زوو دێتەوە"
بە شەڕ دێی لەگەڵ مەنیجێ
لە سەر ژومارەی خەجیجێ
نە دەیناسی، نە دەتناسێ
هەر لێی توورە بە و لێت ڕاسێ
لەوەی ڕەها نەبووی تەواو
بۆ یەکی دی دەکەویە داو
" ئەرێ کاکە خۆ قیامەت نێ
پاڵێکمان دەگەڵ پێوەنێ
جیبەکەم کوژاوەتەوە
لە سەحرایە ماوەتەوە"،

گرفتاری داڵ بە داڵە
فایدەی نیێ قۆڵت هەڵماڵە
جیبی ماماغای هەڵکەوە
فریای کارێکی دیش کەوە
دەستت لەو کارەی دەترازێ
بانگت دەکا دادەنازێ
"جەوان گیان سەندووقی سەرت
خێری پدەر و مادەرت
بە کووچەی مەدا وەرەوە
ئەو گاڵۆنەم بۆ بەرەوە"
دەچی بۆ یارمەتی ماڵێ
پۆلێک گاڵۆن لێت دەهاڵێ
بۆت لە سەر داشقەی دادەنێن
بێ ئەوەی پاڵی پێوەنێن
وەپێشە خۆیانت دەدەن
یەکراش تەوست پێدا دەدەن
یەک پێت دەڵێ سرویس مفتی
یەک پێت دەڵێ مامەی نەفتی
خەڵاس بووم لە کاری نەوت
خۆشی خۆشی لە دڵم کەوت

لە سەر کۆڵان ڕاوەستابووم
تووشی فەقێی مامۆستا بووم
"کوتی بژی ئەو جەوانە
هەر جەوان پیاوی شەوانە
سیننی لە هەژدەی لادەدا
چەند شێوەی ڕۆستەمیش دەدا"
فەقێ لاواز و بێ هێزە
ئەو بۆشکانەم بۆ وەگوێزە
هەرچەند عەرزم کرد ناتوانم
نەخۆشم، خزیوە شانم
بە حاستەم هۆشم لە خۆمە
دوکتور دەیگوت سێبەڕۆمە
قسەکانم نەیبوو ئەسەر
هەر غیرەتی دەنامە بەر
"دەی دەی لەبەر شانت مرم
مارەی کچی کێت لێ ببڕم!
فەرهادی چینێ بێوچان
کێوی دەدڕی لە تاو کچان"
ئەگەر ئەو قسەم گوێ لێبوو
هۆشم لە ماڵی کەژێ بوو

هەردووک بۆشکە نەفتەکانم
هاویشتە سەر هەردووک شانم
دوای ئەو خزمەتگوزارییە
لەو دوو چرکە بێکارییە
پیرێژنێک لە لام ڕاوەستا
"گوتی کوا ماڵی مامۆستا
ئەو تەسبیحانەت فڕێ دە
وەک مەردان بۆم لە زەنگێ دە"
جوورێکم لێ هاتە پێشێ
وەمزانی لێم ڕادەکێشێ
تەمام بوو خۆم بگنخێنم
نەمتوانی دڵی بشکێنم
لە زەنگێم دا و هاتنە دەرێ
تیژ ڕۆیشتم بۆ لای سەرێ
مەلاژن هەرای لێکردم
ئەژنۆم نووشتانەوە و مردم
"دا بە قوربانت بم وەرە
ئەو باڵتەی بۆ مەلای بەرە
باڵتۆی پێ نێ و لە دەرێیە
لەو مزگەوتەی لای سەرێیە

دەی! دادە دەسەرت گەڕێ
ئەمما باغەڵی مەگەڕێ"
باڵتە بەقەد دوو فەرەجی
جا ئێستا ئەمن بڵێم چی
بە هەر دووک شانمدا دابوو
هێزم لە ئەژنۆی بڕابوو
دەنگی دڵم ڕاوەستابوو
کوڵی گریانم هەستابوو
گەیمە بەر دەرکەی مزگەوتێ
نەمهێشت مامۆستا بمگاتێ
گوتم ئەلحان دەڵێ وەرە
ئەو دیوارەم بۆ لابەرە
ئەو کوورەشم بۆ هەڵکەوە
ئەو باکەشم بۆ پڕ کەوە
ئەوجار وەسەربانی کەوە
ئەو پلووسکانەش تێکەوە
ئەو نێردیوانەش بێنەوە
فەقێشم بۆ ببینەوە
لەوێش مەحتەل مەبە هەڵێ
بانگی ئێوارێم بۆ بڵێ

جا نەموێرا بچمە سەرێ
دام بە مجێوری بۆی بەرێ
ئەویش باڵتەی ون کردووە
بەزمی تووشی من کردووە
ئەوساڵ لە بەر باڵتەی مەلا
لە مزگەوتێش بووم تەوەلا
خۆش‌خۆش خزمان ڕادەسپێرن
تەمایانە پێم ببژێرن
ڕۆژێک دوستێکی ساڵانم
هاتبوو ببێتە میوانم
ئەمنیش وەک خەڵکی ئەولایە
کە هەموو عادەتمان وایە
بە هەل و دەرفەتم زانی
فەڕشم پێ بردە سەربانی
هەر جیرانێک چاوی لێ‌کرد
هات و سێ چوار کاری پێ‌کرد
ئەو لوولە کوورەی تێکەوە
ئەو پلووسکەم بۆ لێکەوە
ئەو تەنافەی گرێدەوە
ئەو مووکێتەم بۆ بەردەوە

ئەو ئانتێنەی بسوورێنە
ئەو کۆترەم بۆ هەڵفڕێنە
کوڕەی فەقیر بەو ئێوارە
دەسووڕا وەک داشەهارە
کاری جێبەجێ دەکردن
موحیببەتی پێ دەکردن
دوو منداڵی جیرانی من
تۆپیان چووبووە سەربانی من
"گوتیان لوتفت هەبێ بۆمان
لێی دە بۆ حەساری خۆمان"
شووتێکی کرد بۆ حەسارێ
تۆنێک شووشە هاتە خوارێ
ئەوجار بەو دەروجیرانە
کوڕەیان کرد بە نیشانە
هەرچی لە بەر دەستیان هەبوو
دار بوو، بەرد بوو، تەنەکە بوو
تێیان هەڵکرد پێیاندا دا
تازە کەس وا لە کەس نادا
تەنبێیان کرد جا لەدوایە
ئەمنیشیان برد بۆ دادگایە

ئەمن و ڕەفیق لەو دەمەوە
خەریکین بەو هەنگەمەوە
من سەنەدم بۆ داناوە
ئەو پەروانەی لە گریۆ ناوە
چاک کەوتووینە دەرد و خەمێ
لە بەر خزمەتی عالەمێ
هێستاش گۆیا بێمنەتە
خزمەتی گەل عیبادەتە
دەبینن کەم لە خزمەتم
هەر خەریکی عیبادەتم

**١٦ی ڕێبەندانی ١٣٨٣، مەهاباد**

# شاعیری ڕەبەن

تۆ بڵێی تاوێ کەریم بڕوانێ
لە منی مات و هەوای زیندانێ
لە کروشمەی مەلەڕووتەی دڵەکەم
لە کڵی سارد و سڕی مەنزڵەکەم
لە پەرێشانی ڕووحی بێ نازم
لە نزای بولبولی بێ پەروازم
لە وڕێنەی شەوەساڵی تارم
لە نیازی وەکوو گۆڕەوشارم
لە نەبانی گەلی هاواڵانم
لە ژیانی سڕی سەرماڵانم
لە تەنوورەی جگەرەی کۆڵانم
لە بزەی سیس و کزی ڕۆڵانم
لە دڵی بێ دەرەتانی کەوتووم
لە مەلی بێ پەڕی بەختی خەوتووم
لە ئومێدێک کە خەیاڵی ماوە
چ خەیاڵێک کە خەیاڵی خاوە

وەرە ساقی! چییە وا گەرمی گەمەی؟
نییە گیانێک لە لەشمدا، مەگە مەی
وەرە بەو بادەیە بمتاسێنە
بەسە لەو دۆزەخە مەمترسێنە
هەموو هەر دۆزەخە ڕۆژگاری من
بەروبوویەکی نەگرت داری من
سەدەقەش سووکی نەکرد باری من
فەلەکیش چاکی نەکرد کاری من
مەگە نازی تۆ، بلاوێنیٚ دڵم
مەگە ئاوی تۆ، بخەمڵێنیٚ گوڵم

**١٨ی پووشپەری ١٣٨٢، مەهاباد**

# ئارەزوو

خۆری بەهارانمە
کاتێ کە دێ ڕووبەڕوو
نمنمی بارانمە
ڕازی دڵی دووبەدوو
باخی منە سینەکەی
پڕ لە هەنار و هوڵوو
خونچە دەپشکوێ ئەگەر
پێدەکەنێ ئارەزوو
نوقڵ و نەباتم دەنێ
بۆ دەمە خەندانەکەی
عەتر و گوڵاوم دەنێ
بۆ ڕوخە تابانەکەی
شانە لە کێ وەرگرم
بۆ قژە پەخشانەکەی

ئەم گەلە گشت لایەکە و
تۆ بەتەنێ ئارەزوو
تیشکی هەتاوی بەتین!
بەس بدە ئازاری گوڵ
پیرەشەماڵی بزۆز!
تێکمەدە ڕوخساری گوڵ
بولبولی بێ مەعریفەت!
گوێ بدە گوفتاری گوڵ
هەورە مەگرمێنە، با
ڕانەچەنێ ئارەزوو.
با شەو و ڕۆژ نەسرەون
هەرچی کە بەدکارمە
جادوو گەمارۆم بدەن
تەیری هوما یارمە
باک و هەراسم نییە
لەیلی هەوادارمە
ڕازی بە دەرکردنم
تۆم بدەنێ ئارەزوو.

گەر بە بزەی نازەوە
تێدەپەڕێ، گەش گەشم
تۆزی خەمی پێوە بێ
بێشکە لە ژین بێبەشم
من کە بە قاقایەکی
بێ مەی و نەی سەرخۆشم
بادە حەرام بێ لە من
چون لێرە نێ ئارەزووا!

**١٩ی بانەمەڕی ١٣٨٤، مەهاباد**

# بێقەرار

مەستە دڵی بێ ڕەمەقم، ئەنگی هەیە و نامی نییە
زیزە لە مەیخانە و مەی، ساقی نییە و جامی نییە
بێ نەمەک و شەکری بزەی، شەهدی ژیان تامی نییە
باسی ئەوینم بۆ بکەن، فەلسەفە ئاکامی نییە
ئارەزوو ئارامی دڵە و ئەمڕۆ دڵ ئارامی نییە

خەندە شنەی باخە کە دێ، ڕادەبرن هەوری کەسەر
کامە دڵە بەو شنەیە ڕانەپەڕێ خاکی بەسەر!
بۆ دڵ و دڵداری لە ڕسوایی نییە، خۆف و خەتەر
بێجگە لە ئاواتی ویسال ئەو دڵە پەیغامی نییە
ئارەزوو ئارامی دڵە و ئەمڕۆ دڵ، ئارامی نییە

گوێم لە چپەی نەرم و شنەی خەندە، ژیان وەردەگرێ
تێدەپەڕێ و سایە لە دوور گشتی لەشم دادەگرێ
دەنگی قەدەم چەند نەفەسێ دەنگی دڵم ڕادەگرێ
ئەهلی وەفا، باسی ئەوین ئەووەڵ و ئەنجامی نییە
ئارەزوو ئارامی دڵە و ئەمڕۆ دڵ، ئارامی نییە

**٢٥ی بانەمەڕی ١٣٨٤، مەهاباد**

# مەلیک

مەلیکی مڵکی ئەنیمام و سەڕافی گوهەرم
ڕوخی ئاوێنە بزرکاوە لە سافیی نەزەرم
دەمی شوکرانەیە وا خێڵی پەشۆکاوی حەسوود
سەری هەڵنایە لە بەر پەرتەوی زەوق و هونەرم
سەری بەرزم لە خەمی گورزی فەلەک، داناخەم
نییە باکم لە موکافاتی دەبا بێ بەسەرم
کوڕی بێ هیممەت و بێ قیمەتی وام پێ شک دێ
خەت و دیوانی سەلەم کا بە کەبابێکی گەرم
هەلی بازاڕی نییە کۆنە مسی ژەنگاوی
لەوەتا شۆهرەیی ئافاقم و میری دەوەرم
ئەی ئەوانەی کە دەڵێن ئەقڵی کولە نووری بەسەر
لە بەسیرەت پڕ و لێوڕێژم ئەگەر بێ بەسەرم
گەلی پەتیارە دەبینم هەیەتی نووری بەسەر
کوڕی ئوعجووبە دەناسم کە دەڵێ بێ بەسەرم

دەمم ئاوێتەی باڕووتە گەلی کۆنەفرۆش
دەمی سووتمانێ مەڵێن، ناکەسە نەیگوت خەتەرم
بەڵێ شانازییە بۆ تۆ، کە بە کەوشم هەڵچی
وەرە لۆتییێکە وەرە، لێیدە بە نان و کەوەرم
نە نیازم بە زەم و مەدحە، نە تووتیمە، بەڵام
شەوی غەوغایی حەسوودە و نە حەیایە و نە شەرم

**٢٦ی بانەمەڕی ١٣٨٥، مەهاباد**

## بـۆ ئـەنـوا

شەوە شەو، خۆری خودا ڕۆشنی ناکاتەوە ڕێم
کپەکپ، دەنگی خودا لەم سەرە ناگاتەوە گوێم
دەرکراوم لە وڵاتی شەبەق و مڵکی هەتاو
بوومە ئیبلیس و خوداش دەرگەیێ ناکاتەوە لێم
دەڵێم ئاخر چ پەنایەک هەیە غەیری کەرەمت
دەڵێ حاشا لە وجوودت! ئەدی من بەندەیی کێم؟
چ ئومێدێک هەیە تا بیخەمە خەمخانی دڵم
بەسە تا کەی لەگەڵ ئەم ڕێزەڵە مووروانە بدوێم؟
منی تەیرۆکی ڕەبەن بێ پەڕ و پۆ، نووزەم دێ
هەمووی ئەو عومرە گوتم لێرەم و نەمزانی لە کوێم
ڕووەکەم ڕەنگی گەڵای گرتووە، پاییزە لە من
گەلێ بێحاڵ و نەخۆشم، کچی خۆم ڕابخە جێم!
دەمی فەرعانە لە من مەرگە، کە ڕزگارم کا
دەمی ڕزگاری بڵێ بمبەنەوە، خەڵکی دێم

**٢١ی ڕەشەممەی ١٣٧٩، مەهاباد**

# مەهابادی سۆراننشین

پۆلە چرا بەشەوقەکەت دەڵێ کە قارەمانی تۆ
قەڵای ئەمیری سارمت دەڵێ کە نیشتمانی تۆ
دەنگی قەتاری ماملێ دەڵێ کە شادمانی تۆ
مێژوو بە ڕەنگە سوورەکەی دەڵێ ئومێدمانی تۆ
مەهابادی سۆراننشین کوڕ و کچت بژین بژین

هەرچی لە خاکی پاکی تۆ هەڵدەکەوێ بڵێمەتە
ئەرکی لە سەرمە خاکی یارانە، گەلێک بەقیمەتە
زەمزەمە ئاوی کێوەکانت، پڕی هێز و هیممەتە
شیعری هەژار و هێمنت وێردی زمانی میللەتە
مەهابادی سۆراننشین کوڕ و کچت بژین بژین

ئەودەمە هەڵپەڕینە، چەند خۆشە خرۆشی پەنجەکان
چون بە تەواوی یەکتریان گرتووە شۆڕەگەنجەکان
یەک بگرن بە عەشقەوە بەرزەچیا بدەن تەکان
هێزی وەها عەتا بکەی بەو گەلە، زاتی لامەکان!
مەهابادی سۆراننشین کوڕ و کچت بژین بژین

شیوەنی دایکی نیشتمانە بە فەغان و داخەوە
گرگرێی بەرزی کاتی نەورۆزە لە قوڵقوڵاخەوە
تۆپی شەماڵی لەندی شێخانە دەچێتە باخەوە
هەوهەوی نەونەمامی سۆرانە لە سابڵاخەوە
مەهابادی سۆراننشین کوڕ و کچت بژین بژین

**١٦ی خەزەڵوەری ١٣٨١، مەهاباد**

# من و مەی

ئومێد دوو پێی دەکەوشێک کرد و فەرمووی من لەپاڵت نیم
گوتم فەرموو برۆ کاکە، منیش چیدی وەباڵت نیم!
کە ڕۆیی، کۆڵەکەی ئەژنۆی سرم دادا لە سەر خاکی
بە قەد دوو چرکە هەستم کرد بە ئازادی و بە بێباکی
من ئەو کاتەی کە ساوا بووم، وەکوو گیایەک ڕەگم سووتا
کەریمیش لەو سەرەی دیتی کە ئیقباڵم هەموو فەوتا
درێغی کرد لە مەیلێکی، بە ڕەحمەت لێمی نەڕوانی
بە سواڵیش گرشەیەک نووری نەدامێ زاتی نوورانی
لە کوێ تازە دوعاکانم، دەگاتە حەزرەتی باری
هەتا ماوم من و شیعر و مەی و دۆست و وزەی تاری

**٢٥ی جۆزەردانی ١٣٨٥، مەهاباد**

# تەبی شیعر

تەبی شیعرم لە دڵە، سازی غەریب
نییە ئارامی بە هەتوان و تەبیب
نییە هەمڕازی شەوی دەیجوورم
کزە نایە لە دڵی ماهوورم
دە بناڵێنە لەگەڵ فریادم
بڵێ ڕەنجی دڵەکەی فەرهادم
ئەمەگی یاری قەدیم جێی خاڵی
نییە تا سەر بکەمە سەر باڵی
چپەیەک گوێ بگرێ بۆ ڕازم
دڵەکەی ڕازی بکا دڵخوازم
بە شنەی نازەوە بملاوێنێ
بە بزەی شیرینەوە بمدوێنێ
بە سەری پەنجە کەمێ بمشێلێ
نەفەسێک سۆزی قەتار و لێلێ
کە ببیسم لە دەمی ڕێبوارێ
وەدەزانم کە نەمامم جارێ

**١٢ی بەفرانباری ١٣٨٥، مەهاباد**

# تەڵەبی دڵ

لە سەراپایی وجوودم
خەم و تەنیایی دەبارێ
نە شنەی سێبەری یارێ
نە بزەی نازی نیگارێ
نە چپەی دوورە ئەوینێ
نە هەلی لالەچنینێ
نە ژەمی بادەمژینێ
نە گوڕەی بادەگوسارێ
نە شەماڵێ نە هەواڵێ
نە ئومێدی پەڕ و باڵێ
نە سەدایەک کە بناڵێ
بە پشووی گەرمی قەتارێ
نە خەیاڵی جێژوانێ
نە گڕ و دووکەڵی شوانێ
نە خشەی مامزی لانێ
نە بەم و زیلی هەوارێ
لە دڵی بێ دەرەتانم

دەجمێن بولبولەکانم
نەمی پەریانە دەزانم
ئەگە ورتەی بێ سێ‌تارێ
شەوە بێدەنگی بەسامە
چپە قاچاغ و حەرامە
تەڵەبی دڵ بێ وڵامە
گوڵ چووە باوەشی خارێ
وەلی ئاڵا بشەکێنن
مەلی هیوا مەتەقێنن
گوڵی هیوا مەپسێنن
دێ لە دوور تۆزی سوارێ

**٢٥ی خەرمانانی ١٣٨٦، مەهاباد**

# ئەهلی جەفا

برۆ ئەی ئەهلی جەفا، ناگری دڵ بۆ ماچێ
سەری سەد یاری وەها چاکە، بە کۆی قوڕدا چێ
نییە باکم نە بە تۆش و نە هەزاری وەکە تۆش
دڵ ئەگەر بیرت بکا، دەنکە شەنەی تێڕاچێ
نە بە نانم، نە بە ئاوم، نە منەت هەڵدەگرم
بڵێ ئەو هەور و تەم و لێڵە لە سەر دڵ لاچێ
سەری مەغروور و لەخۆبایی گەلێک موستەحەقە
کە وەکوو سندەگڵێ بشکێ بە زەبری پاچێ
ئەگە یۆسف بە مەهی نەخشەبەوە زاهیر بێ
هەموو جوانانی میسر جادوو دەکا، زولەیخا چێ
وەرە مەجنوونی گەدا حورمەتی ئەو خێڵە نەبەی!
سەتی چاتر هەیە سوجدەت بۆ دەبا، لەیلا چێ؟
تەڵەبی یار ئەوەیە بچمە لەبی دەریایە
ئەمن ئوقیانووسی ئارام دەبڕم، دەریا چێ!
ئەگە دڵدارەکەمان شێتی جبی سەحرایە
بڵێ جیلێکسی نەوی بۆ دەکڕم، سەحرا چێ!
بە شەوێک دەیکەمە تەنزی ڕووپەڕی ڕۆژنامە
ئەگە ڕۆژێکی بڵێ ناسری ئاغابرا چێ!

**١٠ی ڕەزبەری ١٣٨٦، مەهاباد**

# فـیراق

چم لێدەکەن ڕەفیقان
دڵ تاقەتی نەماوە!
وەک ماسییەک کە شووشەی
عومراوی لێ شکاوە
باغی ئەوین لە بەر بێ
تاجی ئەوین لە سەر بێ
هەردوو قەڵاتی شاهین
هەم کۆشک و هەم کەلاوە
هەوری سپی کە شێوەی
ڕووبەند دەدا لە بەر دڵ
چەخماخەکەی نیگایە و
بارانەکەی گوڵاوە
ڕێبازی عاشقان بوو
پەروانە بۆ نەهاتی؟
شەم هەڵبوو بۆ تەوافت
گەر تۆی نەدی کوژاوە
ئەمشەو لە مڵکی ساقی

خامۆشە کۆڕی یاران
یا بولبولان خومارن
یا جامی مەی ڕژاوە
گەر ماهی عالەمئارا
شوعلەی نەدا لە گوڵشەن
یانی کە ساقی ئەمشەو
ڕووبەندی لا نەداوە
بێ بۆن و بێ بەرامە
بازاڕی گوڵفرۆشان
یانی کە شۆخی شارم
زولفی بە با نەداوە

**٢٠ی ڕەزبەری ١٣٨٦، مەهاباد**

# ئاواتی چیا

شەمە داییسێ لە سەر گۆڕی دڵم
نییە پەروانە لە جێژوانی گوڵم
شنەبا دێت و لە دوور ورتەی دێ
خەبەری تیشکەیە، داخوا کەی دێ
هەموو هەر بەستەڵەکە ئەم ناوە
لە ڕنوو تۆوی گوڵێک جێماوە
تۆ بڵێی چاوی بشوا خۆری جوان
شەوەکەی گەش کەنەوە مانگی ڕوان
تۆ بڵێی دەرچێ لە حەو خانی منەت
تۆ بڵێی ڕەد بێ لە گەرداوی خەفەت
تۆ بڵێی ڕابێ لە ژێر هەور و تەما
بە شکۆ بفرێ بە شاباڵی هوما
تەک و تەنیا دە نزارێ هەڵبێ
تێکەڵی چیمەن و تەیر و گوڵ بێ
بە تەنێ پیاسە بکا بڕوانێ
لە شەتی ئاوێ لە ئاوری شوانێ

له ڕەوەی پۆلەکچی ڕەشماڵان
له شەڕی خاسەکەوی بەر پاڵان
له گەلی قاز و قورینگی کۆچەر
که له سەر ئاوێ دەبەستن لەنگەر
له مەڕ و مێگەلی قزڵی حەوشان
له گەڕی ڕەشبەڵەکی مەڕدۆشان
ئەگەر ئاواتی دڵم حاسڵ بێ
دەکەم عەهدێ که چیام مەنزڵ بێ
دەکەم عەهدێ که تەواوی عومرم
له چیا بم له نزارێ بمرم

**٧ی ڕەشەممەی ١٣٨٦، مەهاباد**

# جێژوان

ئەمڕۆ لە دیوەخانی دڵم نۆبەهار بوو
ئامێزەکەم پڕی قەد و ئەندامی یار بوو
بە دەنگی بولبولی ماچ و شنەی شەماڵی نەفەس
گوڵاوی شەوق و شەرم لە ڕوومان دیار بوو
لە دەستی سوورەگوڵم نە دڕک و نە خار بوو
لە دەستەکانی منا هوڵوو بوو هەنار بوو
لەو زایە عومرە کە هەر بەفیڕۆ دەچوو بە با
بەختی خەواڵوو ئەم هەلە بێدار و یار بوو
غافڵ هەموو دەچوونە هەڵاڵان و سوێسنان
بازی دڵی مە گەرمی کەمین و شکار بوو
لەم دیوە چووکەدا کە بە جەننەت نەگۆڕدرا
ڕاز و نیاز و هەڵمەتی باز و تەوار بوو
فاڵم دەگرتەوە کە چلۆن دێ بەهارەکەم
ئەلحەق بە گیا و گوڵ و بژوێن و لەبار بوو

هەرچەند کە ئاسمانی بەخیل عارەقەی نەکرد
ساجی عەلی تەڵەب کرد ئەوەی دێمەکار بوو
ئەمما دڵی منی لە خەفەت باری خستە دەر
ڕۆژانی پڕ ژوان و شەوی پڕ قەرار بوو
بۆم باسی حەوشەکەی مەکە، چ بکەم پەڵەی نەدا
بۆ گەنمی ناگریم، بە جەهەننەم خەسار بوو!

**١٨ی خاکەڵێوی ١٣٨٧، مەهاباد**

# ئارامـی دڵ

ئارامی دڵ، ئارامی دڵ، ئارامی دڵم چوو، بازاڕی گوڵم چوو
لەو حەسرەتەدا نیم کە خەڵاتی نوبڵم چوو، لێوی نوقڵم چوو
هات و گوزەرا، مۆری زمانی نەشکانم، ڕووحی نەدووانم
عومرێکی گوڵم چاندووە خاری لە دڵم چوو، لەم عەشقە زوڵم چوو
ڕۆیی بە جەفا یادی نەکرد لەو دڵەزارەم، لەم حاڵە نزارەم
مەغبوونی سڵاوی دەمی ئەو شۆخە نگارەم، گەنجی عەقڵم چوو
لەو چاخی گوڵ و کامی دڵە، بێ تەب و تاوم، سیم تاری پساوم
گوڵ بادە ڕژا، وەی کەمەر و دەستی شکاوم، خۆشخوانی چڵم چوو
شیوەن لە غەمی لەیل و دڵی کەیلەوە بەرزە، ئەو چاخە چ وەرزە
وەم زانی کە لەم زێدە حەقی ئاو و گڵم چوو، یاری بەدڵم چوو،

**٩ی گەڵاوێژی ١٣٨٧، مەهاباد**

# بەرزەئەوین

کەو کەو لە بنارانە، هەواڵی نیٚ لە دوندان
بیژەن بە ئەوین زیندووە، باکی نیٚ لە زیندان
دڵ ئەهلی قەناعەت نییە، وەک مامە قەلەندەر
وەک پیرەهەڵۆ ڕازییە بمریٚ لە بڵندان
هەر بیٚ گوهەریٚک باعیسی فەسڵانی دڵانە
ئەی خالقی دڵ، بیکەیە نیٚچیری دڕندان
لەو کاتەوە بیستوومە کە دیٚ تاقە نگارم
وەختا لە نەشەی پەڕ بگرم چەشنی فڕندان
دڵ مەحرەمی شایانی دەویٚ چەرخی جەفایی
زۆر حەیفە مەداین بکەیە مەوتەنی کوندان
خۆریٚک نییە سۆراخی لە ئاسۆگی گەلی من
تیرە و تەم و تاپۆیە لەبەر دووکەڵی گوندان
گەر جەننەتی باقی وەتەنی شیٚخی ڕیایە
حۆری لە دەمیدا، مەی و هەنگوینی بە سندان
کەو کەو لە بنارانە، هەواڵی نیٚ لە دوندان
لەو قەددی نەمام و لە دەمی پستەیی خەندان

**٦ی ڕیٚبەندانی ١٣٨٧، مەهاباد**

# خەونی فەلەک

خوڕڕەی دێ بە خەو ئاوی حەیاتێ

گوڵ دەمرێ هەتا کانی دەگاتێ

پەیکانی دوعام عەرشی نەپێوا

شاییم نێ بە شەوگاری بەراتێ

دڵ بەندە لە زیندانی سکەندەر

کەس نێ دەری بێنێ لە قەڵاتێ

هاواری دڵی خۆمە بە نەغمە

دەیڵێینەوە لاوانی وڵاتێ

وا تێکەڵی تاریکیمە تازە

بڕوام نییە بە ڕۆژی نەجاتێ

لەوح و قەڵەمم گشتی ڕەها کرد

مەیلم نێ بە هیچ هەوڵ و خەباتێ

هەر موخلیسی ئەو کۆنە ڕەفیقەم

پیاڵێکی پڕم بادە بداتێ

بەم ئاوە ئەوین دێتە دەروونم
فەرهادی دڵم هێزی دەگاتێ
کێو دەبڕێ بە یادی لەبی شیرین
خەندەی دێ بە ڕێی هات و نەهاتێ
گەر چەرخی فەلەک لەمپەری من بێ
پێی تەختە دەکەم بەند و بەساتێ

**١٠ی خەزەڵوەری ١٣٨٧، مەهاباد**

# وەیلان

پەپوولەکەی ڕوحم ئەگەر شەمی لە سەر کوژایەوە
دەڕوا لە ژووره چۆڵەکەی، بە هەستی بێ نەوایەوە
بەرەو شەقامە چۆڵەکان، کۆڵانە خاک و خۆڵەکان
شەکەت شەکەت، غەوارەیە، بە دەردی بێ دەوایەوە
کە هەستی سۆزی نەی دەکا، پەژارە جەرگی پەی دەکا
دەبێتە یاری پیرەنەی، دەچێتە نێو هەوایەوە
فەغانی گوڵ دەکا لەپڕ، دەبێتە شەم، دەبێتە گڕ
مەزەممەتی فەلەک دەکا بە جەوری نارەوایەوە
غەمی نگاری نازەنین، غەمی وڵاتی دڵنشین
بە ناڵە کاری نەی دەکا، بە بەندی دەست و پایەوە
مەڵێ کوژاوە کۆنە گڕ، مەڵێ گلاوە بەرزەفڕ
ببینە ژیلەمۆیەکەی، بە سروەیەک گەشایەوە

**٣١ی خەرمانانی ١٣٨٧، مەهاباد**

# هیوا

چەند چۆڵەماڵەکەم، چەند زارە حاڵەکەم!
چەند بێ چەم و گوڵاڵە و بەهارە ساڵەکەم!
ناپێورێ بە تەقڵەی مەلی ئەوین خەیاڵەکەم
وەرە و هەوایێ لێبدە کۆنە شمشاڵەکەم!
یارێ نەماوە تاکوو بپرسێ لە ماڵی دڵ
لەو شارە کێ هەیە کە بزانێ بە حاڵی دڵ!
تەنیایی ڕاحەتی دڵە لەم چەرخە لێڵەدا
لەو ڕوژگارە پڕ لە دەهۆ و مەکر و فێڵەدا
چەند چۆڵە ژوورەکەم، چەند دوورە نوورەکەم!
چ گرانە دەردی غەریبی دڵە سەبوورەکەم!
سازێ نەبوو فەغانی بەرز کا هەتا فەلەک
نووزەی دەڵێی نەخۆشە گەرووی تەنگی نەیلەبەک!
کەس نێ لە ژانی ئەو دڵە کەم کا، مەگەر گرین
هیوام بە ئاوی سوێرە، کە سارێژ بکا برین
چەند چۆلە شارەکەم، چەند دوورە یارەکەم!
چەند قورسە باری حاسڵی ژینە خەسارەکەم!

دەڵێن لە شاکەلی ئاسۆترووسکەیەک هەیە
لە نێو دڵی شەوەکانا، برووسکەیەک هەیە
من بەو ئومێدە مەست و لە شەوقی ژیان تەژیم
گەر مۆڵەتی وەسڵیش نییە، هەر خۆشە، پێی دەژیم
چەند خۆشە مانگەشەو، چەند جوانە خاسەکەو!
بەرەو وڵاتە باڵ بگرە، لەیلکی[١] بدەو!

**١ی سەرماوەزی ١٣٨٧، مەهاباد**

[١] لەیلک: ئەسپی ئەحمەدی شەنگ لە بەیتی ئەحمەدی شەنگدا.

## دوعا

تۆ سێوێکی سووریت و لەبت لێ نەدراوە
تۆ سوورە شەمامەی منی، بۆنت نەکراوە
تۆ جوابی دوعاکانمی، ئارامی هەناوم
پاوانێکی بێ نازی کە شەقڵت نەشکاوە
شابازی دڵی میش وەکوو بازی دڵی تۆ
تاوێکی لە ژێر چەتری نەمامێک نەحەساوە
گەر دەستی بەڵێنم بدەیەی مەردی زەمانم
دەتکەم بە ئیلاهە و مەلەکەی تەخت و کەژاوە
تینوویە دڵم، سیسە گوڵم، خالقی باران
شادم کەوە بەو سۆزی شنە و نەرمەخوناوە

**٦ی بانەمەڕی ١٣٨٨، مەهاباد**

# مەست و خەراب

گەرچی حەدیسی مەستییە، ئەمما شەراب نیٚ
مەستیش ڕەفیقی شێتییە، شێتیش خەراب نیٚ
لە دەرکی کولێرەخانە دیتم خەوی کەباب
کولێرەکەشیان بردم و لێرەش کەباب نیٚ
بە دەم خەیاڵەوە گوتم، یاڵڵا خەلیل قەساب
گوتیان خەلیل بەلەدێی شارە، خۆ قەساب نیٚ
وامێکی وەرگرە، جیبێکی بکڕە، تۆڕەوان
لەم ڕۆژگارە ماسی ڕەعیەتی قولاب نیٚ
هاوسێم گوتی کە بۆچی مەقامێکوو وەرنەگرت
پێم گوت وەکوو تۆ خەزوورم عالیجەناب نیٚ
گوتیان بڵێن میوە بیٚ، پەزیرایی دوا کەوت!
گوتم بۆ پەزیرایی لە میوان شتاب نیٚ
پەلەم هەبوو کە ئیجازەی بدەم بە چوونەوەی
گوتی بەڵێن بیٚ دێمەوە، ئەمشۆ حیساب نیٚ
هەرچەند حەدیسی شەڕابە، لێرە شەراب نیٚ
هیچ کەس هەیە بڵیٚ ناسر مەست و خەراب نیٚ

**۲۸ی سەرماوەزی ۱۳۸۸، مەهاباد**

# کـۆشـکـی دڵ

ئەی پەیکەرە زێوینی پەری ڕەوتی خەرامان!
وەی سەروی بلوورینی شکەرنازی مەلەکسان!
جارێ بە کەرەم بۆ دڵەکەم کورتە پەیامێ
یا سێحری بەیانی دەمەکە و نوقڵی کەلامێ!
سۆزێکی مەسیحایی لە تویێ دەنگی سەماوی
ژەنگاری بتارێنێ بتاوێنێ هەتاوی
وەک ئەو دەمە شیرین، بە شکەرخەندی سڵاوێ
ئارامی لە خوسرەو بڕی ئاڵانی لە داوێ
یا هەر نەبێ یادم کە لە گوڵگەشت و نزارێ
بەڵکوو بە شەماڵێکی بگا یادی نیگارێ
یادت مەیە بۆ ڕووحی پەرێشانی کڵۆڵم
دەنگت نەیە بۆ زەوقی حەکایەتگەری زۆڵم
مەیلت شنەیە و ئاگری هەستم دەگەشێنێ
کۆچ و سەفەرت کۆشکی دڵم ڕادەوەشێنێ

**١ی جۆزەردانی ١٣٨٩، مەهاباد**

# ناکام

هێلانە بەجێ بێڵە، دڵی بێدەرەتانم!
دڵخوازی تیا نیێ، تەرە بوون بولبولەکانم
ئەو ماهە کە ئاواتی منە و خەونی جەوانیم
لێم دوورە، وەکوو تاریێ پساون تەلەکانم
خەڵفێکی تەشەندارم و تینوون ڕەگ و ڕیشەم
زەردوویی لە ڕووخسارمە، زیزن مەلەکانم
شەو مەحرەمی ڕازی من و یارێکی ئەمینە
ئاوازی ئەنیمایی بە کەس ناڵێ دەزانم
قەت هەوری دڵم خاڵی نەبوو دەستی شکاوم
کەس لەو غەزەلەم حاڵی نەبوو داخی گرانم
لەو ڕۆژەوە نانالّی بە نەی، دڵ بەپەرۆشم
لەو کاتەوە لات داوە لە مەی، بۆت نیگەرانم
شادم بەوە خاکی دەری یاری بەویقارم
ئەمنێک کە لە مەڵبەندی ئەدەب تاجی سەرانم

**٢٨ی جۆزەردانی ١٣٨٩، مەهاباد**

# سەرگوڵی حۆریان

چۆله بوتخانەیی دڵ، ماڵی نەوێرانم کوای؟
شەکەتی سێحری شەوم، حاکمی پەریانم کوای؟
نەیەکەی خەڵکی نەیستانم و ناڵان و غەریب
دەمی سووتانمە! شیبای دڵی بریانم کوای؟
شەمی سەرگۆڕی ئومێدم لە سەرمدا شەرەرێ
وەرە پەروانە وەرە! شاهیدی گریانم، کوای؟
بە خەتی نارەسەنان نرخی شکا سێحری بەیان
وەرە هاواری قەڵەم، پیری موکریانم، کوای؟
بە گڕ و دووکەڵی سیگار و شەڕابی جەعلی
دڵەکەم دۆزەخە ئەی سۆزەیی زریانم کوای؟
کوڵی شمشاڵ و شنەی بێری نەبێ، چۆلە هەوار
وەرە، سەرقافڵەیی هەیئەتی بێریانم کوای؟
کێ دەڵێ جوانی جیهان یەک لە سەدی حۆریانە
وەرە تەکزیبی کەوە، سەرگوڵی حۆریانم کوای؟

**۱۷ی پووشپەری ۱۳۸۹، مەهاباد**

# هاوار

هەرچەندە کە هاواری کەسم بەرزە، کەسم نیٚ
فریادڕەسم نیٚ
ئەی خوایە کە لەو بانە دەبینی خەمەکانم
ئەو ژانە بەسم نیٚ؟
وەک بولبولی بیٚنازی گەلی بیٚتەب و تاوم
سیم تاری پساوم
هەرچەندە کە زیل و بەمی سازم دەهەژیٚنم
باوی نەفەسم نیٚ
وا تەوسەنی زەوقم بە مەرامی دڵی خۆیە
مەیلی بە دەهۆیە
هەرچەندی لە ئاوزەنگی دەدەم پیٚڕەوی خاون
حوکمی بە دەسم نیٚ
پیٚم کوت کە جەفاکاری بەسە، چەرخی جەفایی!
فەرمووی بە خەتایی
پاراستنی زانست و هونەر ئەرکی گرانە
لەم دەورە ڕەسم نیٚ
ساقی! وەرە با شۆقی چرای بادە بتاویٚ
گەش بینەوە تاویٚ

بەو دوژمنی گەردوونە بڵێ تیرەکە باوێ
باک و هەرەسم نێ
من قافڵەسالاری گەلی بادەگوسارم
چبکەم نییە چارم
گوێیان لە ئەهایەکی منە عێل و تەبارم
داخم جەرەسم نێ

**٧ی ڕەزبەری ١٣٩٢، مەهاباد**

# گـوڵ و دڵ

کوتم ئەی گوڵ، ئەتۆ چەند نەرمونیانی
کوتی ئەی دڵ، ئەتۆ چەند بێدەرەتانی
کوتم ئەی گوڵ، ئەرێ ئەم وەرزە خەزانە؟
کوتی ئەی بولبولەکەم، بۆم نیگەرانی؟
کوتم ئەی خارەکە، بۆ گەش نی وەکوو گوڵ؟
کوتی دەردێکی گرانە دیدەبانی
کوتم ئەی گوڵ چ عەزیزە لە جیهانا؟
کوتی یاری بەدڵ و گیانیبەگیانی
کوتم ئەی گوڵ چ گەرەکتە لە نیهانا؟
کوتی ڕێژنەی غەزەل و تافی جەوانی
کوتم ئەو بولبولی مەست نایەتە گوڵشەن
کوتی خۆ تۆش گوڵەکەت نایەتە کانی
کوتم ئازادە گوڵێک بۆ قژی دڵدار؟
کوتی تۆش بۆ ئێمە هەر باری گرانی
دەمی گوڵچینی لە من هاتە شکایەت
کوتی دەسبازی مەکە «بەردەڕەشانی»

**١٥ی سەرماوەزی ١٣٩٢، مەهاباد**

# گوڵی ئەنجومەن

ئەنجومەن چاوی لە ڕێــتە و سایەکەت پەیدا نییە
دڵ گەمی نووحە و لە هیچ کوێ هاژەیی دەریا نییە
هەر زرینگەی زێڕ و زێوی سەروەرانم دێتە گوێ
داخەکەم هاڕەی هەیاسە و پڵپڵەی شەیدا نییە
هەرکەسێ دەستی لە دەستی نازەنینی خۆیەتی
هەر منی بێکەس گراوم دەو هەوارەیدا نییە
وا قەتاری باری گەوهەر هات و خێرا تێپەڕی
ڕەنجەڕۆ خۆم، گەوهەری من دەو قەتارەیدا نییە
بولبولێکم پڕ لە نەغمەی سەوتی داوودی، بەڵام
ئەو گوڵەی من دەمهەوێ دەو لالەزارەیدا نییە
من دڵی چووکم وەکوو دەریا خرۆشانە و بەرین
دڵشناسی خبرە دەو وێرانەشارەیدا نییە
موتریبا سیحری هونەر بنوێنە، دڵ سێحری دەوێ
زەمزەمە و سۆزی ئەوین دەو کۆنە تارەیدا نییە

**٢٠ی بەفرانباری ١٣٩٢، مەهاباد**

# بیری ئاوایی

بیری ئاوایی دەکەم
بیری ئەم خاکە کە هەریەک نمەبارانی بێ
لە هەناوی گوڵی عەشقێ دەڕوێ
کە لە بانی مەلی یادێ دەدوێ
هەموو ڕێبازی ئەوین؛ خەت بە خەتی
یادگارێکە لە جێ‌پێی یارێ
کە حەدیسێکە لە لەنجە و لارێ
لەوەتا لەو ڕەزە هەڵکەنراوم
ڕەشەبا بێ‌بەزەیی لەم کەلە تووڕی داوم
وەکوو ماسییێکی لە نێو وشکاڕۆ
هەموو شابەیتی قەسیدەم ئەوەیە
جۆگەلە گیان، چەند دووری!
پێیەکانم شەکەتی ڕەنجی ژیان
وێڵ و وەیلانی کەوی ئاواتن

کە لە سەر دوندی چیان

بیری ئاوایی دەکەم، وەرە توخوا دەرویش!

لە خوڕەی جۆگەلەکان و لە ڕەوەی بەرغەلەکان

لە کەرویشکەی گوڵەزیڕینی گەنم بۆم بدوێ

بەتەمام قاوت و بۆدراوێ بخۆم

لە بەرهەیوان و لە پای دیزەگڵەی دایە ڕەزێ

**١٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٢، مەهاباد**

# دڵخـۆشـی

هەموو دڵخۆشیم ئەوەیە وەرزی بەهار
گوێ دەگرم لە حیکایەتەکانی سەفەرنامەی ڕووبار
چی ڕوودەدا لە دەشت و کێو، لە دێ و شار
لە کێڵگەکان و باخەکان و ڕێبازی خێڵ و هەوار
لە بەڵێنی کوڕ و کچانی ئەویندار
لە خەونی خۆشی کاروان و کارەساتی بۆسەی نەیار
هەمووم بۆ دەگێڕێتەوە
پیرەڕێبوار
ئەوسا منیش لەگەڵ هیوای مناڵەکان دەژیمەوە
لەگەڵ شنەی ئەوینداران دەشنێمەوە
لەگەڵ تلی دەردەداران دەتلیمەوە
لەگەڵ ناڵەی برینداران دەکولێمەوە
لەگەڵ داغی تازیەباران دەتوێمەوە
ئەوسا منیش وێڕای لاوی وەگیانهاتوو دەنەڕێنم
لەگەڵ تەنگانەی هەژاران هەرەس دێنم
لەگەڵ گرمەی هەوری بەهار دەبارێنم
لەگەڵ سەرخۆشی لالەزار دەناڵێنم

کێ دەزانێ لە دەم ڕووبار
چەن خەونی خۆشی سبەینێ وەدی‌دێنم
کێ دەزانێ چەن شاکاری مۆسیقایی دەخوڵقێنم
بەڵێ نەورۆزی منە
ئەو گەرمەژانە
بەڵێ ساڵی نوێیە بۆ من ئەم سووتانە
چەن لە شیعرەکانم دەچێ ئاوی ئەم ڕووبارە جوانە
ڕێگای شیعر ڕێگای دڵە و
ژیان شیعرە و شیعر ژیانە

**١ی خاکەلێوەی ١٣٩٣، مەهاباد**